گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper14

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 23/05/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/07/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیدا

## (دیداری تەلەڤزیۆنیی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ٢٠٢١ بە نمونە)

**قەیس کاکل تۆفیق[١] - چۆلی ئەسعەد جراد[٢]**

choli.asaad@spu.edu.iq - qais.kakl@soran.edu.iq

[١] بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢] تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بەهەڵەدابردن[i] لە بواری ئەرگیومێنتسازی دەکاتە ئامانج، وەک میکانیزمێکی گوتار، کە ئاخێوەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەکاریدەهێنێت، گوتاری سیاسیش، پشت بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئارگیومێنت، لە ناویشیاندا بەهەڵەدابردن دەبەستێت بۆ ئەوەی بگات بە وەرگرەکانی. بەهەڵەدابردن نوێنەرایەتی نەرێنی بەکارهێنانی ئارگیومێنت دەکات. چونکە دەتوانێت بەهۆی سروشتی ڕازیکەرانەیەوە وەرگر فریوبدات. ئەم توێژینەوەیە ئەو بەهەڵەدابردنانە دیاریدەکات، کە هەردو گوتاری بە نمونە وەرگیراو بەکاریانهێناون، پاشان لێکچون و جیاوازییەکانیان دەستنیشان دەکات. گوتارەکان لە چوارچێوەی بابەتی هەڵبژاردن وەک سەرنجراکێشترین بابەت بۆ شیکردنەوە دیاریکراون و دیدارە تەلەڤزیۆنییەکانیش هەڵگری پەیامە کاریگەرەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنن. لەم توێژینەوەیەدا، کە پشت بە تیۆری وەسفیی-شیکاریی ئاماری (analysis Statistic) بەستراوە، دەردەکەوێت کە بەهەڵەدابردن وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی بەکاردەهێندرێت و گوتاری نەوەی نوێ زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە و لەبەرامبەردا گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین جۆری بەهەڵەدابردنی بەکارهێناوە.

**کلیلە وشە:** ئارگیومێنت، ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن، گوتاری سیاسی، دیداری تەلەڤزیۆنی

# Fallacies arguments in political discourse (Television interview with the leader of the New Generation movement and the spokesman of the Kurdistan Democratic Party for example)

**Qais Kakl Tofiq[1] - Choli asaad jarad[2]**

[1]Faculty of Arts, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Media Technique, Sulaimani Technical Institute, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This research focuses on the subject of Fallacy in argumentation as one of the discourse mechanisms which speaker using it in order to obtain his objective. The political discourse as well depends on some arguments including Fallacy in order to reach its audiences. Fallacy is representing the negative side of using arguments, for the reason that it can influence audiences due to its conviction function. This research is selected those fallacies inside two discourse samples in this research, then tried to find out the comparison between them. The discourses are chosen during election campaign as one of the most interesting topics to analysis for this reason the research approaches TV interview which is containing the most effective messages in the election campaign. In this research, which relies on descriptive theory-statistical analysis (analysis Statistic), it appears that Fallacy is used as an argumentative mechanism and the discourse (New Generation) has the highest rate of use, while the discourse (KDP) used the most types of Fallacy.

**Keywords**: Argument, Misrepresentative argument, Political discourse, TV interview.

## پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیدا – (دیداری تەلەڤزیۆنیی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران / ٢٠٢١ بە نمونە)، لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری سیاسی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵی (NRT) و گوتاری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵی(KTV) لە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) وەرگیراون، بەشێوەی ئاماریی ڕێژە و ئاستی بەکارهێنانی بەهەڵەدابردن لە هەردو گوتارەکەدا وەک میکانیزمی ئارگیومێنتی دەخرێتەڕو و پاشان بەراوردکراون. توێژینەوەکە، بێجگە لە پێشەکی، سەرچاوەکان، ئەنجام و پاشکۆ، لە دو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم: بەشی تیۆریی توێژینەوەکەیە، باس لە ئارگیومێنت، ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن، گوتاری سیاسی و بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیدا و دیداری تەلەڤزیۆنی و بەهەڵەدابردن دەکرێت.

بەشی دووەم: بەشی کارەکیی توێژینەوەکەیە، تیایدا گوتاری سیاسی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی دیداری تەلەڤزیۆنیدا شیکاریی ئاماریی بۆ جۆر و ئاست و ڕێژەی بەهەڵەدابردنەکان کراوە و بە خشتە ئامارەکان خراونەتەڕو، پاشان پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە.

### ١-٠ گرنگیی توێژینەوەکە:

لە سەردەمی فرەیی ئەو گوتارانەی ئاڕاستە دەکرێن، بەتایبەت ئەو گوتارە سیاسییانەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە و بە شێوەی زارەکی دەردەبڕدرێن، لێکەوتەی زیاتریان لەسەر وەرگر بۆ ڕازیکردنیان هەیە، بەهەڵەدابردنیش لەو جۆرە گوتارانەدا ڕۆڵێکی ئارگیومێنتی لە کاریگەریدا دەبینێت. وەک چەمکێکیش لە بواری کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەنانەت سیاسیشدا بە فراوانی ڕۆڵ دەبینێت. لە ئاراستەکردن و بەرهەمهێنانی گوتاریش گوتاری سیاسیدا بە مەبەستی ئارگیومێتیی کارتێکردن و ڕازیکردن ڕۆڵ دەبینێت. ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئایا لە گوتاری سیاسیی کوردیدا بەهەڵەدابردن بەدیدەکرێت، ئەگەر هەیە کام جۆرانەن و ئاست و ڕێژەی بەکارهینانیان چەندە؟ هەروەک دەتوانرێت هۆشیارییەکی زیاتر بۆ بەکارهێنانی ئەم چەمکە دروستبکات، سەرەڕای ئەوەش دەشێت وەک سەرچاوەیەک لە بواری ئارگیومێنت و شیکردنەوەی گوتاردا بۆ خوێندنی زمان سودی لێببیندرێت.

### ٢-٠ ئامانجی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی ئامارییانەی ئەو ئارگیومێنتە بەهەڵەدابردنانەیە، کە لە هەردو گوتاری هێزە سیاسییەکەدا لە پێناو ڕازیکردنی وەرگر لە ناوەرۆکی گوتارەکانیان بەکاریاندەهێنن،

١- جۆری ئەو ئارگیومێنتە بەهەڵەدابردنانە دەستنیشان دەکات کە بەشداردەبن لە ئاراستەکردن و بەرهەمهێنانی گوتارە سیاسییەکاندا.

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی ئارگیومێنتە بەهەڵەدابردنەکان لەهەریەک لە گوتارەکاندا دیاریدەکات.

٣- ئاستی پشتبەستن بە ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیدا دەخاتەڕو و پاشان بەراوردیان دەکات.

### ٣-٠ کەرەستە و سنوری توێژینەوەکە:

کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی ئامارییانەی گوتاری سیاسی (هەڵبژاردن) بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١). لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە دو دیداری تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ (مەحمود محەمەد وتەبێژی پ. د. ک.) و (شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ) بە نمونە وەرگیراون، سنوری لێکۆڵینەوەکەش ڕێژە و ئاستی ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن دەگرێتەوە.

### ٤-٠ ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە تیۆری وەسفیی- شیکاریی ئاماری (analysis Statistic) بەستراوە، کە ئەنجامدانی شیکارییەکەدا ڕێبازی توێژینەوەی چەندایەتی وەسفیی بەکارهاتوە، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (ئینچ و وارنیک)ی ئارگیومێنتیی

بەهەڵەدابردن دەستنیشانی جۆر و ڕێژە و ئاستی ئارگیومێنتە بەهەڵەدابردنەکان کراوە. هەروەها خشتەی ئامارەکان بە بەرنامەی SPSS ئامادەکراون.

### ٥-٠ کێشەی توێژینەوەکە:

گوتاری سیاسی کە لە ڕاگەیاندن و بە زارەکی ئاراستە دەکرێت، لەبەرئەوەی نەنوسراوەتەوە و وردبینی و پێداچونەوەی بۆ نەکراوە، دەستنیشانکردن و هەڵاوێردنی خودی ئارگیومێنت و بەهەڵەدابردنەکانیشی ئاسان نابێت، ئەم توێژینەوەیە وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە:

١- ئایا ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیی زارەکیدا پشتی پێدەبەسترێت؟

٢- تاچەند ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیی دیدارە تەلەڤزیۆنییەکاندا بەدیدەکرێت؟

٣- ئایا لە گوتارە سیاسییە جیاوازەکاندا بەهەمان ئاست پەنا بۆ جۆرەکانی ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن دەبرێت؟

٤- ئەو جۆرە ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردنانە چین کە نێرەری گوتاری سیاسی لە دیداری تەلەڤزیۆنیدا پەنایان بۆ دەبات؟

٥- ڕێژە و ئاستی بەکارهێنانی ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیی دیدارە تەلەڤزیۆنییەکاندا چەندە؟

### ٧-٠ گریمانەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین:

١- گوتاری سیاسیی زارەکی لە دیدارە تەلەڤزیۆنییەکاندا پێویستی بە ئارگیومێنت هەیە تاوەکو کاریگەربێت و بەمەبەستەکەی بگات.

٢- بەهەڵەدابردن لە بری ئارگیومێنتی دروست بەکاردەهێندرێت بۆ ڕازیکردنی وەرگر.

٣- لە گوتاری سیاسیدا، بەهەڵەدابردن وەکو ئارگیومێنتی سەلمێنەر ڕۆڵ دەبینێت.

## ١- بەشی یەکەم : ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لە گوتاری سیاسیدا

### ١-١ ئارگیومێنت:

زاراوەی Argue ئاماژە بە بونی جیاوازی لە نێوان دو لایەن و هەوڵی هەر یەکێکیان بۆ ڕازیکردنی ئەوەی دیکەیان بە دید و بۆچونەکانی لە ڕێگای پێشکەشکردنی هۆکارەکان یان گرفتەکان دەدات، کە پێیوایە بەڵگەی پاڵپشت و بەرگریکارە لە بیرۆکەیەک، یان ڕایەک یان ڕەفتارێک (Longman: ١٩٨٩, ٧٨-٧٩). کەواتە، ئارگیومێنت ڕێکارێکە، بە هۆیەوە کەسێک بە بەکارهێنانی بەڵگە دەیەوێت وەرگرەکانی هەڵوێستێکی دیاریکراو بنوێنن، بە مەبەستی دەرخستنی ئەو هەڵوێستە، یان دروستیی بنەماکانی، واتا پرۆسەیەکە ئامانجی ڕازیکردنی ئەوی دیکە و کارلێکردنیەتی، ئامرازەکەشی بەڵگەیە (ابو الزهراء، ٢٠٠٣: ٥). بە بۆچونی پێرلمان و تیتیکا، باشترین ئارگیومێنت ئەوەیە، کە وا لە بیسەرەکان بکات

ئامادەبن بۆ ئەنجامدانی کارێک لە چرکەساتێکی گونجاودا (صولة: ٢٠٠٧، ٢٧). بەلای (ستیفان تۆلمین)ەوە شێوەی بەڵگەهێنانەوەیە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەدوای ئەو هەوڵانەدا دەگەڕێت کە ئارگیومێنتساز بۆ سەلماندنی پرسێکی دیاریکراو هەوڵی بۆ دەدات (محەمەد، ٢٠٢١: ٣٠). بۆچونی (میشێل مایەر) لە ئارگیومێنتسازی، پەیوەستە بە دیاریکردنی سروشتی قسەکردن و ئەرکە پرسیار ئامێزەکەیەوە، ئەگەر قسەکردن وروژاندنی پرسیاربێت یان پرسیار بخوازێت، پێویستە لەو گفتوگۆیەدا ئارگیومێنت بێتەکایەوە (القارصي: ١٩٩٨، ٣٩٤). هەمو گوتارێک دەیەوێت لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکی ئارگیومێنتییەوە هەڵوێستێک بچەسپێنێت و کاریگەری دروستبکات، میکانیزمەکانی ئارگیومێنت زۆر فراوانترن و دەچنە بازنەی ستراتیژییەتی گوتارەکانەوە و بەشێکی گرنگی ناوەڕۆک و پێکهاتەکانیان پێکدەهێنن (محمد و دزەیی، ٢٠٢٠: ٥٦٠). ئارگیومێنتسازی پرۆسەی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی ئارگیومێنتە لە چوارچیوەی گوتاردا، پێرلمان و تیتیکا، پێیانوایە ئەو میکانیزمانەی گوتارن، کە وا لە وەرگر دەکەن زیاتر بڕوات پێبکات (محمد و دزەیی، ٢٠٢٠: ٥٦٠). ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن، جۆرێکە لە ئارگیومێنت کە لەسەر بنەمای بەهەڵەدابردن بونیادنراوە و بەواتای ساختە و ناڕاستی و هەڵخەڵەتاندنی مەبەستدار بەکاردێت و فێڵێکی بەڵگەهێنانەوەیە خاوەنەکەی لە ڕێیەوە هەوڵی ڕازیکردن و ڕازیبون بە گوتارەکەی دەدات، لە پێناسەیەکدا هاتوە، کە بەڵگەهێنانەوەیەکی نادروستە بە دروست نیشاندەدرێت (الميلاحي، ٢٠٢٢: ٧٥).

### ٢-١ ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن Fallacy arguments:

زۆرجار مرۆڤەکان بە مەبەست ئارگومێنتێک دەخەنەڕو، کە ڕەنگە بە گونجاو و قبوڵکراو دەرکەوێت، بەڵام لەسەر بنەمای گریمانە بەهەڵەدابردن یان بەڵگەهێنانەوەیەکی نادروست (Santoso, 2017, 65)، بەهەلەدابردن جۆرێکە لە ئارگیومێنت و بۆ بەهەڵەدابردنی بەرامبەر بەکاردێت، ئارگیومێنتساز مەبەستە دروستەکەی دەشارێتەوە و هەوڵدەدات وەرگر بە دەرخراوە نادروستەکەی ڕازی بکات، پەنا بۆ بەڵگەهێنانەوە دەبات، وەک ئەوەی دروست بێت، چونکە لە ڕوی سایکۆلۆژییەوە دروستە، نەک لۆژیکی (النويري، ١٩٩٨: ٤٠٦). ئەمەش بەواتای بەهەڵە ڕۆیشتن لە پێشەکییەکانەوە بۆ ئەنجامەکان دێت، بەو هۆیەشەوە پێشەکییەکان نابن بە پاڵپشت بۆ ئەنجامەکان.

بە گشتی بەهەڵەدابردن بە سۆفیستەکانەوە دەبەسترێتەوە، کە وەک بزوتنەوەیەکی فەلسەفی، ڕۆڵێکی دیاریان لە گەشەکردنی ڕەوانبێژیی دەربڕین و پەیوەندییکردن و ژیانی هزریی بە گشتی بینی (الكيلاني، ٢٠٠٨: ٨٥). بەپێی بۆچونێک، گوتاری سۆفیستەکان لەسەر بنەمای هەڵبەستن و چەواشەکاری بونیادنراوە، لە ڕێی بایەخدان بە جوانکاریی وشە و گرێیەکان، هەروەها بە پشتبەستن بە پاساوی پوچ و پێوانەی نادروست، زانیاریی سۆفیستەکان لەسەر ساختەکاری و هەلپەرستی و شێواندن دروست ببو، لە پێناو ڕازیکردنیش هەمو ڕێگایەکی ئاکاریی و نائاکارییان بەکارهێناوە، پاساوەکانیان لۆژیکی بوبێت یان تەنیا هەڵخەڵەتێنەر (محمد، ٢٠٢٠: ٥٦). ئەم هەڵوێستانەش لە گرنگترین ئەو ڕەخنانەن کە لە سۆفیستەکان دەگیرێت. ئامانجی ئارگیومێنت، بەلای سۆفیستەکانەوە دۆزینەوەی هەقیقەت و ڕاستی وپشکنینی بیروباوەڕەکان نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە پەیوەندیی لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دروستبکرێت، گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو دەبێت بە مەبەستی سەرەکی (محەمەد، ٢٠٢١: ١١). بەم هۆیەشەوە زاراوەی سۆفیستەکان لە بەرامبەر بەهەڵەدابردن بۆ ئەم جۆرە ئارگیومێنتە بەکاردەهێندرێت.

زاراوەی بەهەڵەدابردن، یان سۆفیستی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، شێوازێکی بە پێچ و پەنا و لەڕێ لادەرە و پاڵ بە وەرگرەوە دەنێت بۆ ئەوەی بکەوێتە هەڵەوە و تێگەیشتنی لاواز بکات، گومان و ناڕونی و بێباکی دروست بکات، ئامانجی ڕاستی نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە وەرگر بەهەڵەدا ببات و وایلێبکات کە چی هەبێت و چی نییە باوەڕبکات (الباهي، ٢٠٠٤: ٥٦٨).

## ١-٣ گوتاری سیاسی و بەهەڵەدابردن:

گوتاری سیاسی، لە هەر جۆرێکی دیکەی گوتار زیاتر پشت بە ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن دەبەستێت، ئەمەش بە هۆی ئەو سروشتە سودگەیەنەرانەوە کە بە ئامانجی دەستخستنی دەستکەوت هەیەتی. بە شێوەیەکی گشتیش کار بۆ گۆڕینی ڕەوشت و هەڵوێستی وەرگرکانی دەکات، لەدەرەوەی بڕوای ڕاستەقینەی خۆیان (الميلاحي، ٢٠٢٢: ٧٨). لەم تێگەیشتنەشەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە گوتاری سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەنا بۆ چەواشەکردن و تەنانەت پەنا بۆ ئارگیومێنتی بەهەلەدابردنیش دەبات، تاکو لە ڕێگەیەوە وەرگرەکانی بە ناوەرۆکی گوتارەکەی ڕازی بکات و کاریگەری لەسەریان دابنێت.

گوتاری سیاسی، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک لەسەر بنەمای بیردا ئاراستەکراوە، نێرەر بایەخ بە بیرۆکە دەدات وەک بنەمای سەرەکی (الشهري، ٢٠٠٤: ١٤٩)، مەبەست لە گوتاری سیاسی هەژمون پەیداکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی و ئەنجام و ڕاکێشانی سەنجی ڕای گشتییە بەرەو ئەو ئامانجە، لە ڕێی ئامرازە زمانییەکانەوە، بەهۆی ئەوەی بەمەبەستێک و ئامانجێکی سیاسیش بەکاردێت، بە گوتارێکی تایبەت هەژماردەکرێت (توفيق و مستەفا، ٢٠٢١: ٢٣). گوتار، دەسەڵاتی وەرگرتن و گەیشتنە بە دەسەڵاتی سیاسی، لەم تێگەیشتنەشەوە، هەر گوتارێکی سیاسی کەرەستە و ڕێباز و مەبەستی خۆی هەیە، چەندین پەیامی لەناوخۆیدا هەڵگرتوە و لەلایەن کەسێک، یان چەند کەسێک، یان پارتێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاردەهێنرێن. دەسەڵاتی سیاسیش بە بەرهەمهێنەری گوتاری سیاسی دادەنرێت، واتا داڕشتنی هەر گوتارێکی سیاسی دەسەڵاتێکی سیاسی لە پشتەوەیە، لەبەرئەوەیە دەگوترێت کە گوتاری سیاسی لە دەسەڵات جیاناکرێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکی تەواوکاری پێکەویان دەبەستێت، هەر گوتارێکی سیاسیش ڕەنگدانەوەی بیر و ئایدۆلۆژیای بەرهەمهێنەری گوتارەکەیە (محەمەد، ٢٠١٦: ٧١). سیمای دیاری گوتاری سیاسی گرنگیدانە بە کێشە گرنگەکانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک و پێشکەشکردنی لە بۆتەی زمانێکی کاریگەردا، وەک ئەوەی دەسەڵاتداران لە بەکارهێنانی باودا ڕەچاوی دەکەن، بەو واتایەی گوتارێکی ئاراستەکراوە بۆ وەرگرێکی دەستنیشانکراو بۆ ڕازیکردنی (عكاشة، ٢٠٠٥: ١٤٦). فیلیپ بروتۆن بەم شێوەیە پێناسەی دەکات؛ چالاکییەکی مرۆییە، چەندین شێوازی پەیوەندیکردن و ئامرازی جۆراوجۆر بە ئامانجی ڕازیکردنی کەسێک، بیسەرێک، یان جەماوەرێک بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک یان بەشداریکردن لە بۆچونێکدا دەگرێتەبەر(Breton: 1998, 3)، ئەو گرنگیدانەی گوتاری سیاسی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە دەبەستێتەوە، لەسەر کاریگەری و ڕازیکردن دەوەستێت، بەڵام دەشێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەئاراستەی چەواشەکردن و بەهەلەدابردنی وەرگریشدا بچێت (سالفاسترو، ٢٠٢١: ٣٦٧). هەندێجاریش بەمەبەستی شێواندنی ڕاستی پەنا بۆ بەهەڵەدابردن دەبرێت، بەتایبەت کە گوتاربێژ دڵنیایی تەواوی لەسەر بابەتێک نەبێت، یان کاتێک گوتنی ڕاستییەکان ناتوانن وەرگر ڕازیبکەن (سلێمان، ٢٠٢٢: ١٨٨)، یاخود بێئاگایی و کەمزانیاریی وەرگرەکانی دەقۆزێتەوە و زانیاری نادروست یان بێبەڵگەیان پێشکەشدەکات و وەرگرەکانیش توانای ساغکردنەوەی زانیارییەکانیان نییە.

### ٤-١ دیداری تەلەڤزیۆنی و بەهەڵەدابردن:

ئارگیومێنت، ئەو ئامرازە کاریگەرەیە، کە لە ناوەرۆکی گوتاردا بە هێزەوە ئامادەیی هەیە و بەشدارانی هەر گوتارێک لە پێناو ڕازیکردن و کاریگەریی دروستکردن لەسەر بەرامبەرەکەیان بەکاری دەهێنن. کاتێکیش پرسەکە بە ڕاگەیاندنەوە دەبەسترێتەوە، ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەبێت، کە گوتارە ئاراستەکراوەکان شێوازە کاریگەرەکانی ڕازیکردن دەگرنەبەر، بەتایبەتیش کاتێک ئەو لایەنەی ڕاگەیاندن کە پەیوەندیی کاریگەرییان بە ژیانی سیاسی و بەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسییەوە هەیە، ئەم ڕەنگدانەوەیەش لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هەواڵ و پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنەکان بەدیدەکرێت. دیداری تەلەڤزیۆنییش یەکێکە لە ژانرە ڕۆژنامەوانییە دیارەکان، لە دیداری تەلەڤزیۆنیدا پرسیار لە کەسایەتییەکی سیاسی، ئەدەبی، وەرزشی .. دەکرێت و ئەویش وەڵام دەداتەوە، بەزۆریش لە نێوان ڕۆژنامەنوسێک (یان زیاتر) و کەسایەتییەک (یان زیاتر) دەبێت، زانیاری لەبارەی پرسێکی گرنگ وەردەگیرێت (الساري: ٢٠١٢، ١٨).

دیدار لە پرۆگرامە باوەکانی تەلەڤزیۆنە، ئەویش بەهۆی ئەو سەرکەوتنە زۆرەی بەدەستیهێناوە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن (قرەداخي: ٢٠١٨، ٦٦)، دیدار ئامانجی دەستکەوتنی زانیاری و ئاراستەکردنی پەیامە، بەتایبەتیش ئەو دیدارانەی ڕەهەندی سیاسییان هەیە، جۆرێکن لە دیداری فەرمی لەگەڵ (بەزۆری) نوێنەرانی سیاسی پلە باڵا وەک بەشێک لە بەرنامەیەک کە ئامانجی گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراویان هەیە و نوێنەرایەتی گوتارێکی سیاسیی دیاریکراو دەکەن. دو ڕۆڵبینەر لەم جۆرە دیدارەدا هەن، پێشکەشکار و میوان، میوانەکە کەسایەتییەکی سیاسییە، ئەم دیدارە کۆبونەوەیەکی خۆبەخۆ نییە لە نێوان ڕۆژنامەنوس و سیاسەتمەداردا، بەڵکو ئامانجی دامەزراوەیی تایبەت و باش دیاریکراوی هەیە. پێشکەشکار خۆی وەک نوێنەر/ناوەندگیری گشتی/بینەر دادەنێت. ئەو پرسیارانەی دەخرێنە بەردەم میوان ڕەهەندی بەرژەوەندیی گشتییان هەیە (157،Roca-Cuberes: 2013). ئەم ڕەچاوکردنەی بەرژەوەندیی گشتی پرسیار گوزارشتە لە پرسێک یان گرفتێک و بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت، وەڵامیش پێویستی بە ئارگیومێنتە بۆ ڕازیکردنی وەرگر. لە گفتوگۆدا ئارگیومێنت دێتەکایەوە و دەچێتە ناو قسەکردنەوە، چونکە قسەش بەهێزەوە پرسیار لە خۆدەگرێت و واتاکانی تێدەئاخنێت (القارصي: ١٩٩٨، ٣٩٤). بەمەش بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە هەر پرسیارێک وەڵامێکی هەیە، هیچ پرسیارێکیش بێ وەڵام نییە، پێویستیی بونی پرسیارەکەش ئەو وەڵامە دەخوازێت (مایر، ٢٠١٠: ٣٤). لەم ڕوانگەیەوە، پرسیار و وەڵام لە دیداری تەلەڤزیۆنیدا، کە بەشێوەی زارەکی دەبن. ئەو پرسیارانەی لە دیداری تەلەڤزیۆنییەوە ئاراستە دەکرێن، دەشێت ببن بە کێڵگەیەکی لەباری بەرهەمهێنانی ئارگیومێنتسازی، بە ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانەی لەناو خۆیاندا ئارگیومێنت هەڵدەگرن، یان بۆ هێنانەپێشەوەی ئارگیومێنت لە پرۆسەی وەڵامدانەوەدا. بەکارهێنانی ئارگیومێنت لە گوتاری زارەکیدا کاریگەریی زیاترە لە گوتاری نوسراو، چونکە ئارگیومێنت تەنیا لە وشەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکو شێوازی گەیاندنی وشەکان و ڕوخساری کەسەکەش ڕۆڵیان دەبێت (سلێمان، ٢٠٢٢: ٥٦)، هەروەک چۆن گوتارەکە زارەکی و ڕاستەوخۆ دەبێت و پێشتر ئامادەکراو نییە، ئەمەش سەلیقە و توانای گوتارێژ دەدرەخات لە بەکارهێنانی ئارگیومێنتدا. ئاخێوەری گوتاری سیاسی لە دیداری تەلەڤزیۆنیدا، بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵدەدات بە ئامانجی خۆی لە کاریگەری و ڕازیکردنی وەرگر بگات، بە خستنەڕوی پەیامەکانی یان گرتنەبەری ستراتیژی بەرگریکردن لە بۆچونەکانی و بەکارهێنانی ئارگیومێنت، لە ناویشیاندا ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن، چونکە بینەری تەلەڤزیۆنی لەگەڵ فراوانبونە ڕێژەییەکەی لەچاو میدیای نوسراودا، زیاتر دەبێتە ئامانجی چالاکییە زمانییەکان، بەهەڵەدابردن و چەواشەکارییش لەو ڕێگەیەوە ڕوبەرێکی فراوانتری هزری مرۆیی و داگیردەکەن، ئەمەش لەگەڵ زیاتر

فراوانبونی پەیوەندییەکان و جیهانگیریی لە جولآنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی و میدیاییەکان، مرۆڤیش بەهۆیانەوە دەکەوێتە بەر هەڵمەتی بانگەشەی کارتێکەر و ڕازیکەرانەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیاکانەوە، کە لە ڕێگایانەوە بەهەلەدابردن و چەواشەکاری دەبن بە وەک ئامرازێکی ڕازیکردن ڕۆڵ دەبینن (الزبيدي، ٢٠٢٠: ١٠٣). ڕەنگە هەمەچەشنیی ئاستی ڕۆشنبیریی بینەرانی تەلەڤزیۆن و یەک ئاراستەیی هەناردەکردنی گوتار هۆکارێکی ڕێ خۆشکەربێت بۆ ئاخێوەری گوتاری سیاسی تاوەکو ئاسانتر پەنا بۆ ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن ببات.

## ٢- بەشی دوەم: لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە

### ١-٢ سەرەتا

لەم توێژینەوەیەدا تیۆری (ئینچ و وارنیک)ی ئارگیومێنتیی بەهەڵەدابردن بەکارهاتوە. بە پشت بەستن بەو پێناسەیەی کە دەڵێت؛ ئارگومێنت بە زنجیرەیەک دەستەواژە دەستپێدەکات و پێیاندەوترێت پێشمەرج، وەک هۆکار یان بەڵگەیەک بۆ ڕاستی لێدوانێک دەخرێنەڕو و پێییان دەوترێت ئەنجام .(Santoso, 2017, 65) بە واتایەکی تر، ئارگیومێنتێک دەبێت هەندێک هۆکار بخاتەڕو بۆ ئەوەی باوەڕمان پێبهێنێت کە دەرەنجامەکە ڕاستە. ئەگەر ئاخاوتنەکە پێشمەرج و دەرەنجام لەخۆ نەگرێت، ناتوانرێت وەک ئارگیومێنتێک پۆلێن بکرێت. ئەمەش وادەکات زۆربەی ئارگیومێنتەکان بە پێشمەرجێک یان ئەنجامێکی ونبو پێشکەشبکرێن. ئەو پێشمەرجانە یان دەرەنجامانەی کە پێویستن بۆ ڕەوایەتیپێدانی بەجێدەهێڵرێن، ئاخێوەر پێیوایە پێویست بە وتنیان ناکات و بینەرانیش بە گریمانەی تایبەتیی خۆیان بیانوی بۆ دەهێننەوە .

ئینچ و وارنیک بەهەڵەدابردنەکان بۆ چوار گروپ پۆلێندەکەن (Inch & Tudor, 2015: 348) ، کە هەر گروپێک چەند جۆرێک ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن لەخۆ دەگرێت، گروپی یەکەمیان بەهەڵەدابردنی بینەر ناوبردوە ، دوەمیش بەهەڵەدابردنە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە، پاشان بەهەڵەدابردنی زەمینەسازی و دوا گروپیش بەهەڵەدابردنی بەڵگەهێنانەوەیە.

ئەم توێژینەوەیە بابەتی هەڵبژاردنی وەک سەرنجراکێشترین بابەت بۆ شیکردنەوەی هەڵبژارد، چونکە دیدارە تەلەڤزیۆنییەکان لەو جۆرە پەیامانەن کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بینەری زۆریان هەیە، دو دیداری تەلەڤزیۆنیی دو پارتی سیاسی هەرێمی کوردستانی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەنمونە وەرگیراون، کە بریتین لە (سەرۆکی جولآنەوەی نەوەی نوێ) و (وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان)، بەشیوەیەک گوتاری هەردو دیدارەکە دەقاودەق نوسراونەتەوە و پاشان ڕستەکان (ڕستەی میوانی خاوەن گوتار) ژمارەیان پیدراوە، لەبەرئەوەی وەرگرتنی کۆی هەردو دیدارەکە زۆر فراون دەبو، لە پرۆسەیەکی ژمێریانەدا ژمارەی ڕستەکانی هەردو گوتارەکە دابەشی چوار کراون و لە یەکەم ژمارەی چارەکی دوەمەوە دو سەد ڕستە ناوەڕاستی هەردو دیدارەکە بەنمونە وەرگیراون، بۆ ئەوەی هەردو دیدراەکە هاوڕێژەبن و جیاوازیی لەنیوانیاندا دروست نەبێت. پرۆسەکە بە پێی خشتەیەک بە بەرنامەی (SPSS) کاری لەسەرکراوە، ئاماری بەدەستهاتوش لە خشتە و گرافیدا خراونەتەڕو، کە بە ڕیزبەندیی ژمارەیی بەدواییەکدا دانراون.

### ٢-٢ ناساندنی بەهەڵەدابردنە بەکارهاتوەکان:

**١- پرسیاری بارگاویکراو/ پرسیاری ئاڵۆز/ پرسیاری لێکدراو**: جۆرێک لە ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردنە، خۆی لە پرسیاری بارگاویکراو یان پرسیارێکی لێکدراودا یان ئاڵۆزدا دەبینێتەوە و پێشگریمانەی ڕاستی دەکات، لە کاتێکدا ڕاستییەکە دەشێت شتێکی دیکە بێت (لایل، ٢٠١٠: ١٠٩). بەو واتایەی پرسیارەکە هەڵگری واتای گریمانەکراوە. بەهەڵەدابردن هەژمار دەکرێت، چونکە مەرج نییە پێشگریمانەکردنەکە لە جێی خۆیدابێت.

- ناترسی بڵێی ئەوە خەڵک ملیۆنێ دەنگی داوە بە نەوەی نوێ سبەینێ بەڵکو نەوەی نوێ ئەم خەڵکە بجوڵێنێ؟ (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). گوتاربێژ پرسیارێکی ئاڵۆز و لەهەمانکاتدا بارگاویکراو دەکات.

**٢- نەبونی بەڵگە/ نەزانی Appeal to Ignorance:** بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ زانیارییەک، بەبێ ئەوەی بەڵگەی سەلماندنی هەبێت و کەسی بەرامبەریش نەتوانێت ڕەتی بکاتەوە، لەبەرئەوەی نازانێت ڕاستە یان نا (ڕەفیق، ٢٠١٤: ٢٢٤). بەهەڵەدابردن هەژمار دەکرێت، چونکە بەڵگەی سەلماندنی نییە.

- ئێمە کە ئەگەر لەدوای ئینتیخاباتیش لە هێندێک لە مافەکانی خۆشمان خۆش بوبین، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانە، وە ئەوەشمان بۆ خەڵک، بۆ لایەنەکانی کە لەسەر ئەساسی بانگەشەیەکی زبر دەستیان پێکردوە سەلماندوە کە بانگەشەکەتان غەڵەت بوە، (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩). ئاخێوەر هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی وتەکانی ناخاتەڕو، وەرگریش ناتوانێت دروستییان بسەلمێنێت.

**٣- بانگەشە بۆ داهاتو Appeal to future**: کەسێک پێیوابێت کە بیرۆکەیەک دروست بێت، چونکە بەڵگەکانی لە داهاتو دەردەکەون، یان داوا لە خەڵک دەکات کارێکی دیاریکراو بکەن، کە ئەنجامەکەی لە داهاتودا دیاردەکەوێت، بە هەڵەدابردن دادەنرێت، چونکە بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کە بەو شێوەیە دەبێت (بوحایک، ٢٠١٨: ١٥٢).

- ئەم ڤیدیۆیەم ئەمێنێتەوە (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢).

**٤- شێوازی گاڵتەئامێز:** جۆرێکە لە ئارگیومێنت، کە کار بۆ دورکەوتنەوە لە مشتومڕی جددی دەکات (طروس، ٢٠٠٥: ٣٩)، بەپێی ئەوەی لە وتاری ئاخێوەرێکدا هەندێک لێدوان بەپێی ئەم ستراتیژە بەکاردەهێندرێن.

- وەڵا بەهێزن، کاندیدمان هەیە ١٢٠ کیلۆیە ماشەڵا (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢).

**٥- گشتاندنی بەپەلە Hasty Generalisation:** بەهەڵەدابردنێکە پشت بە کەمترین نمونە دەبەستێت بۆ پاساوهێنانەوە، بەشێوەیەک دەرەنجامی بەدەستهاتو تایبەتمەندیی نوێنەرایەتی نییە، ئەم نوێنەرایەتییەش بە مەرجێکی سەرەکی لەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەیەدا دادەنرێت، نەبونی نوێنەرایەتی لەم گشتاندنەدا وادەکات لێکەوتەکە لەوپەڕی توانای گونجاویدا نەبێت (الراضي: ٢٠١٠: ٤٢). گشتاندنی نمونەیەکی ناتەواو بۆ کۆمەڵە شتێکی دیکە؛ کێشەت لەگەڵ کەسێک هەیە، لەوەوە بڕیار لەسەر هەمو خێزانەکەی دەدەیت.

- تۆ کاڵایەکت هەیە چی دیعایەی بۆ دەکەی بۆی بکە، بەڵام بۆت نییە، مەعقول نییە، ئەمە مونافەسە نییە تۆ بچیت کاڵای خەڵکی دیکە بشکێنیت، لە هیچ شوێنێکی دونیا بڕیار لەسەر ئەوە نادەن کە بەو شێوازە بانگەشە بکرێت (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩). گوتاربێژ گشتاندن دەکات کە لە هیچ شوێنێکی دونیادا بەوشێوەیە نییە، بەبێ ئەوەی توانای سەلماندنی هەبێت، یان نمونەیەکی دیاریکراوی هەبێت.

**٦- زاراوە ڕێژەییەکان:** واتا بەکارهێنانی زاراوە ڕێژەییەکان (گەورە، بچوک، درێژ، زۆر، باش ..) وەک ئەوەی ڕەهابن، ئەمەش دەبێت بە هەڵە، چونکە لە بنەڕەتدا بەندن بە ستانداردی بەراوردکردنەوە (ڕەفیق، ٢٠١٤: ٢٠٠). ئەم بەراورد کردنەش ڕێژەییە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.

- ئێستا نەوەی نوێ سیاسەتێکی زۆر عاقڵانەی گرتۆتەبەر، زۆر زۆر بە بەرنامە کاری کردوە (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). لێرەدا نازانرێت زارەوەی زۆر زۆر چۆن دەسەلمێندرێت و بەڵگە بۆی چییە.

**٧- هۆکاری ساختە False Cause Fallacy:** بریتییە لەوەی کەسەکە پێیوایە ڕوداوێک هۆکاری ڕوداوێکی دیکەیە، یان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، وەک ئەوەی لە هەمانکاتدا ڕویاندابێت، یان دەشێت یەکێکیان پێش ئەوەی تریان ڕویدابێت (بوحایک، ٢٠١٨: ٦٧). یان دەبێت ئەو دو ڕوداوە پەیوەندیی لۆژیکییان بەیەکەوە هەبێت و یەکێکیان بەڕاستی ببێتە هۆکاری ئەوەی دیکەیان.

- لە هەمو بازنەیەکا نەوەی نوێ من پێموایە ئەسڵەن هەر یەکەمی بازنەکەی ئەبێ ئیشەڵا، یەعنی لەبەرئەوەی یەک تاکە کاندیدی هەیە (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). لێرەدا گوتارێژ هۆکاری یەکەم بونی لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا بۆ بونی یەک کاندید دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەک خۆی دەڵێت لایەنەکانی دیکە چەند کاندیدێکیان هەبێت و بازنەکانیش مافی چەند کاندیدێکیان هەبێت، بونی یەک کاندید نابێتە هۆکاری یەکەم بون لە هەر بازنەیەکدا.

**٨- گریمانەی ئەنجام/ سواڵکردنی پرسیار/ بازنەیی:** بریتییە لە بەکارهێنانی دەرەنجام بۆ ڕەوایەتیدان بە پێشەکی، ئەمە دوای ئەوەی ئەو پێشەکییە بۆ ڕەوایەتیدان بەو دەرەنجامە بەکارهاتوە، واتا پێشەکی لە بری بەڵگە دەخرێتەڕو و داوا لە وەرگردەکات پێی ڕازی بێت لەگەڵ ئەوەی نەسەلمێندراوە (ڕەفیق، ٢٠١٤: ٢٣٨). گریمانەی ئەنجام دەکات یان پرسیار دەهێنێتە کایەوە و وەڵامێکی گریمانەیی لەناو خۆیدایە.

- ئایا دروستکردنی کێشە، وە کێشە بەکێشە چارەسەرکردن چ سودێکی بۆ عێراق هەبوە؟ (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

**٩- وشەی زیانبەخش:** بریتییە لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی مەبەستدار کە واتای دیکە هەیە و حوکمێکی ئیتیکی یان بەهایی هەڵدەگرێت، بە زۆری لە دژی کەسێک یان بیرۆکەیەک دەبێت (بوحایک، ٢٠١٨: ١٤٥).

- لە ڕوە ئەخڵاقییەکەیەوە وەکو شەخس، درۆمان لەگەڵ یەک کەسا نەکردوە (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). لێرەدا وشەی (درۆ) کە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەهایەکی نەرێنی هەیە بەکاردەهێنێت.

١٠- **بەهەڵەدابردن بە شێوازی پیاوە سکۆتلەندییەکە:** لەم جۆرەدا، کاتێک پرسێک گشتاندنی بۆ دەکرێت و لایەنی بەرامبەر ڕەخنەی لێدەگرێت، لە بری پەشیمان بونەوە دەستکاری ئارگیومێنتەکە دەکرێت (بوحایک، ٢٠١٨: ٥٨). ئاخێوەر هەمان قسەی پێشوی دەکاتەوە، بەڵام بەدەستکارییەوە، کە هەمان واتای پێشوی نابێت.

- پێکەوە بژێین نەک ڕێگای ئەوەی چۆن خۆ بەسەر یەکدا بسەپێنین (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

١١- **یاریکردن بە هەست و سۆز Appeal to Emotion:** ئاخێوەر پەنا بۆ هەست و سۆزی کەسەکان دەبات تا بڕوایان پێ بهێنێت کە بیرۆکەکەی دروستە لەبری لۆژیک و بەڵگەی سەلمێندراو (الراضي: ٢٠١٠: ٢٨). هەڵەکە لەوەدایە پێیوابێت هەست دەتوانێت جێگرەوەی عەقڵ بێت، یان هێزی لۆژیکی هەیە (Carson: 1984, 109)، واتا سود لە هەست و سۆز وەبگرێت لە بری بەڵگەی لۆژیکی.

- حکومەتەکە خۆی بە حکومەتی مامۆستایەکی ئایینی بەڕێز بزانێت (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢)

١٢- **بەهەڵەدابردن بەهۆی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە Guilt by Association:** کەسێک بیرۆکەیەک قبوڵ دەکات یان ڕەتدەکاتەوە، بەهۆی پەیوەستبونی بە بیرۆکەیەک یان کەسێکی دیکەوە، بەبێ پشتبەستن بە هیچ هۆکارێکی لۆژیکی (بوحایک، ٢٠١٨: ١٧١).

- حزبەکەی بەڕاستی هیچی تازەی پێ نییە جگە لە تیکرارکردنەوەی ئەو خەڵکانەی کە فەشەلیان هێنا (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

١٣- **پێوانەی هەڵە:** لەم جۆرە پێوانەکردنەدا پێشەکییەکان دروستن، هەروەها دەرەنجامەکەش دروستە، بەڵام دەرەنجام هەڵهێنجراوی پێشەکییەکان نییە. پێوانەی هەڵە بە ئارگیومێنتی ساختە دەناسرێت، چونکە ئارگیومێنتێکە ڕێز لە بنەماکانی پێوانەی دروست ناگرێت (بلانتان، ٢٠١٠: ٥٤). ئەم بەهەڵەبردنە لێکچونی دو شت، یان دو چەمک لە ڕوێکەوە دەکاتە بەڵگەی لێکچون لە لایەنێکی دیکەی جیاواز کە لەڕاستییدا لەیەک ناچن.

- بیدایەت بە چوار مانگ بایی هەشت کورسی دەنگمان هێنا (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). بە پێوانەی هەل دادەنرێت، چونکە ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەنجومونی نوێنەرانە و نمونەکە بۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، ناکرێت بەیەکەوە پێوانە بکرێن.

١٤- **دژبەیەکی:** بریتییە لەوەی پێشەکییەکان دژبەیەکییان تێدابێت، کە ناشێت بەیەکەوە ڕاست بن (بوحایک، ٢٠١٨: ١٧١). دەرەنجامەکان دژبەیەک دەبن، بەمەش زانیارییەکان دژ بەیەک دەوەستنەوە.

- عێراق گەشە بونێکی چاکی ئابوری وە هونەری وە ئیجتیماعی بەخۆیەوە بینی (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

١٥- **پێوانەی لاواز / لێکچوی ساختە:** بریتییە لە بەکارهێنانی لەیەکچو یان پێوانەی لاوازە، یان ئاستی لەیەکچونەکە زۆر سنوردارە و پەیوەندی بە بابەتی مەبەستەوە نییە (بوحایک، ٢٠١٨: ١١٨). لەیەکچوێکی ساختە دەهێنێتە پێشەوە.

- ئەڵی تۆ ڕابکەی بۆ دو کەروێشک هیچیان ناگریت، ڕەنگە وایان لێبێت، یەعنی کانیدیدەکانیان.. (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). لێرەدا گوتاربێژ وتەیەکی باو دەهێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ بارە ئاماژە بۆکراوەکە نایەتەوە، چونکە ئەگەر هەر بازنەیەک مافی چەند کاندیدێکی هەبێت و ئەبێت دەربچن، ئەوە لێکچون و پێوانەکە دروست نابێت.

١٦- **ترساندن یان هەڕەشە (بەهێز) Ad baculum:** ئاخێوەر شێوازی ترساندن یان هەڕەشەکردن دەگرێتەبەر بۆ سەپاندنی بۆچونەکەی لەبری خستنەڕوی ئارگیومێنت و بەڵگەی گونجاو، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی (تۆقاندنی

هزری)یەوە (الراضي:، ٢٠١٠: ٣٢)، لەسەر بنەمای ترساندن و تۆقاندنی بەرامبەر بونیاد دەنرێت، بۆ لاوازکردنی ئارگیومێنت و بەزۆر سەپاندنی بۆچونێک (مراد، ٢٠١٢: ١٠٤). بەوەی کە ناچاردەکرێن باوەڕبهێنین ئەگەرنا سزادەدرێین، یان هەڕەشەیان لێدەکرێت.

- بەڵام بۆت نییە، مەعقول نییە، ئەمە مونافەسە نییە تۆ بچیت کاڵای خەڵکی دیکە بشکێنیت (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩). گوتاربێژ دەستەواژەی (بۆت نییە) بەکاردەهێنێت، وەک هەڕەشەکردن بۆ ڕکابەرەکانی.

١٧- **<u>هاندان و دڵنیاییدان بۆ ئاینده:</u>** بریتییە لەوەی سەرنجی وەرگرکان لە ڕێگەی هاندان و دڵنیاییدانەوە ڕابکێشێت بەبێ ئەوەی بەڵگەیەک بخاتەڕو، کە بیسەلمێنێت لە ئایندەدا ئەوەیان بۆ بکات لە خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی کە باسی دەکات، یان پلانێکی دیاریکراوی ڕاگەیەنراوی بۆی هەبێت (بوفناز، ٢٠١٩: ٧١٨).

- مبالەغەی نییە ئەگەر بڵێم لەسەدا هەشتای ئەوانەی ئەچن بۆ دەنگدان بەشی زۆریان لەسەدا هەشتایان یان لە نەوەی نوێ ڕازین یان دەنگی پێ ئەدەن (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢).

١٨- **سروشتییبون Appeal to Nature:** بریتییە لە پشت بەستن بە سروشتی بون لە حوکمدان لەسەر باشی و خراپی شتەکان، بەواتایەی هەمو شتێکی سروشتی باشە و ئەوەی سروشتی نەبێت خراپە (بوحایک، ٢٠١٨: ٩٦).

- مادام نیشتمانە، تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ تێڕوانینی ئەوان جیاوازە (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

١٩- **<u>وەسوەسەی پێشبینیکردن/ لایەنداری/ نیشانشکێنی تەکساس The Texas sharpshooter fallacy:</u>** بریتییە لە هەڵبژاردنی زانیاریی هەڕەمەکییانەی مەبەستدار و فەرامۆشکردنی ئەوانی دیکە، ڕوێکی دیکەی ئەم جۆرە بەهەڵەدابردنە بریتییە لە بەکارهێنانی پێشبینیکردن بە ڕاگەیاندنی چەندین سیناریۆی تەمومژاوی بۆ ئاینده، پاشان لەسەر بنەمای لەوچوەکان لە داهاتودا بە بەڵگەی دروست هەژماریان دەکات (بوحایک، ٢٠١٨: ٥٦).

- کێ ویستی دەسەڵات لە ئێوە، عەزیەت نەبێ هەچ کامێ لە ئێوە ویستتان دەسەڵات باشبێت، دەنگی زیادبکات، زیاتر گوێ لە خەڵک نەگرێت، خزمەتی خەڵک نەکا، ئەم دەسەڵاتە خراپە بمێنێتەوە، عەزیەت نەبێ نەچن بۆ دەنگدان (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢).

٢٠- **<u>قومارچی Gambler's Fallacy:</u>** خۆی لە هەڵە تێگەیشتن لە بیرۆکەی گریمانە و ڕەنگەدا دەبینێتەوە، کاتێک ئەو بەهەڵەدابردنە ڕودەدات کە پێمانوابێ ئەوەی لەڕابردودا ڕویدابێت ڕەنگە یان گریمانەی ئەوە دەکرێت ئێستاش کاریگەری هەبێت (مصطفی، ٢٠٠٧: ٢٦٣).

- بەڵام سەری نەگرت، وە سەریش ناگرێت (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

٢١- **داهۆڵ Straw Man:** مەبەست لە داهۆڵ، خستنەڕوی ئارگیومێنتێکی لاوازە، وەک بەرامبەرێکی خەیاڵی نەک ڕاستەقینە بە ئاسانی ڕەتدەکرێتەوە، واتە بەرامبەرەکە دروستکراوە (ڕەفیق، ٢٠١٤: ٢٠٣)، ئاخێوەر هێرشدەکاتە سەر بۆچونێکی لاوەکی لاوازی خود دەستکردی نەپارێزراو، لەبری ڕاستەقینەکە، کە بە ئارگیومێنت پشتگیری کراوە (مصطفی،

٢٠٠٧: ١٦٣). بەواتایەکی دیکە، نمونەیەک دەهێندرێتەوە کە بەئاسانی دەتوانرێ ڕەتبکرێتەوە و لەبری بابەتە ڕاستەقینەکە.

- گریمان دەسەڵات، جەماعەت گریمان خوانەخواستە هەر سنوقەکان هەموشی ئەگۆڕێ، کە تەبعەن ئەمە ئەلیکترۆنیە سنوق گۆڕینیشی تیا نییە، بەس گریمان ئەشی گۆڕێ، بەس دوایی دەسەڵات سنوقەکە حیساب ئەکاتەوە، سەیرەکا یەک ملیۆن کەس دژیەتی، متمانەی یاوە بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢). گوتاربێژ زانیاریی دەستکرد بۆ کاریگەریی دروستکردن ڕادەگەیەنێت.

٢٢- **فەرامۆشکردنی هەندێک/ گشتاندنی گشتگیر/ ڕەها:** بریتییە لە گشتاندنێکی ڕەهای ئاخێوەر بەسەر هەمو ئەندامانی بەرامبەر بەبێ دەرفەت هێشتنەوە بۆ هیچ ئەگەرێکی دیکە، کە دەشێت هەمو ئەندامانی لایەنی بەرامبەر هەمان بۆچون یان بروایان نەبێت (مصطفی، ٢٠١٩: ١٦٤).

- ئەوان تەماحیان لە نەوتی کەرکوکە (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

٢٣- **<u>ڕەش و سپی:</u>** ئاخێوەر پێیوایە تەنیا دو بژاردە هەیە، لە کاتێکدا دەشێت بژاردەی دیکەش هەبێت (ڕەفیق، ٢٠١٤: ٢٢٩). هیچ بژاردەیەکی دیکە بۆ وەرگر ناهێڵێتەوە.

- ئەوەی کە ناچی بۆ دەسەڵات، بۆ دەنگدان تەواو خزمەتێکی دەسەڵات ئەکا، بیەوێ و نەیەوێ ئەم دەسەڵاتەی خۆش ئەوێ، خۆ ڕەنگە لە دڵیەوە خۆشی ناوێ، بەس ئیتر کارێ ئەکا زۆر زۆر باشە بۆ دەسەڵات (شاسوار عەبدولواحید NRT ٢٠٢١/٩/٢٢).

٢٤- **بەهەڵەدابردنی نیرڤانا Nirvana Fallacy:** بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هەمو چارەسەرە واقیعییەکان بە بەراوردکردنیان بەو چارەسەرانەی نمونەیین، بەڵام جێبەجێکردنیان مەحاڵە، بەبێ ڕەچاوکردنی واقیع و سنورەکەی (بوحایک، ٢٠١٨: ١٦٨).

- ئەگەر بێتو حکومەتی عێراق بیەوێت لەپاش ئەم هەڵبژاردنە بەشێوازێکی نوێ، وە بۆ ئەوەی کە هەمومان ئومێدمان وابو لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە عێراقێکی نوێ بونیاد دەنێینەوە (مەحمود محەمەد کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩).

## ٢-٣ دەستنیشانکردنی ئارگیومێنتەکان:

خشتەی ژمارە (١) لە چەند ستونێک پێکدێت، کە تیایدا ژمارەی ئەو ڕستانەی بەهەڵەدابردن دەنوێنن و جۆرەکانیان و ژمارەی چەندجار پاتبونەوەیان لە گوتاری سیاسیی هەردو دیدارەکەدا دەستنیشانکراون:

١- ستونی زنجیرە: کە زنجیرەی جۆرەکانی بەهەڵەدابردن دەخاتەڕو، کە بەپێی ئەم خشتەیە، لە کۆی ڕستە وەرگیراوەکانی هەردو دیدارەکەدا، (٢٤) بیست و چوار جۆر ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن بەکارهاتون.

٢- ستونی جۆری بەهەڵەدابردن: کە ناوی جۆری بەهەڵەدابردنەکانی گوتارەکان دانراون. کە تیایدا گوتاری نەوەی نوێ (٢٠) و پارتی دیموکراتی کوردستان (٢١) جۆر ئارگیومێنتی بەهەلەدابردنیان بەکارهێناوە.

٣- ستونی ژمارەی ڕستەکانی گوتاری نەوەی نوێ، کە لەم توێژینەوەیەدا هەندێجار بە (ن. ن) ئاماژەی پێکراوە: لەم ستونەدا، ژمارەی ئەو ڕستانەی بەهەڵەدابردن دەنوێنن ئاماژەیان پێدراوە.

٤- ستونی ژمارەی ڕستەکانی گوتاری (پ. د. ک): لەم ستونەدا، ژمارەی ئەو ڕستانەی بەهەڵەدابردن دەنوێنن ئاماژەیان پێدراوە.

٥- ستونی پاتبونەوە: لێرەدا ژمارەی پاتبونەوەی ئەو جۆرە ئارگیومێنتەکانی بەهەڵەدابردن لە هەریەک لە گوتارەکان دەستنیشانکراون. کە بە کۆی گشتی نەوەی نوێ ١٦٨ جار و پارتی دیموکراتی کوردستان ١٠٤ جار بەهەڵەدابردنیان پاتکردوەتەوە.

| ز | جۆر | نەوەی نوێ | پ. د. ک | پاتبونەوە | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ن. ن | پ. د. ک |
| ١ | گریمانەی ئەنجام/ سواڵکردنی پرسیار/ بازنەیی | ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ١١٢، ١١٣، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٦٠، ١٦٣، ١٦٤، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢١١، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٥، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣٢، ٢٣٨، ٢٥١، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٩، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٦، | ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ١٠٢، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٨٣، | ٤٤ | ١٠ |
| ٢ | یاریکردن بە هەست و سۆز | ٩٥، ٩٦، ١٠١، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٢٠، ١٢١، ١٢٧، ١٣٣، ١٣٤، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦١، | ١٥٣، ١٥٤، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ٢٧٤، | ١٦ | ٦ |
| ٣ | زاراوە ڕێژەییەکان | ١٦٥، ١٨٩، ١٩٠، ٢٠٠، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٠، | ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٥٧، | ٧ | ٥ |
| ٤ | پێوانەی لاواز/ لێکچوی ساختە | ١٠٨، ١١٠، ١٩٩، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، | ١٥٨، ١٥٩، ٢٥٢، ٢٥٣، | ٧ | ٤ |
| ٥ | گشتاندنی بە پەلە | ١٠٩، ١٨٢، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٦٠، ٢٦٤، | ٩٤، ١١٧، ١١٨، ١٢٣، ١٣٢، ١٦٠، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ٢٣٦، | ١٥ | ١٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | وشەی زیانبەخش | ١١٤، ١٢٣، ١٣٠، ١٥٤، ١٥٥، ١٨٣، ٢٠٣، ٢٠٧، ٢١٦، ٢١٨، ٢٣٣، ٢٨٢، | ٢٣٩، | ١٢ | ١ |
| ٧ | نەزانی /نەبونی بەڵگە | ١٢٢، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٧٥، | ٢١٠، ٢١١، ٢٢٥، ٢٤٥، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٨١، | ٥ | ٧ |
| ٨ | پێوانەی هەڵە | ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١٣١، ١٣٢، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٨، ١٤٩، ١٥١، ١٥٢، | ٢٠٩، | ١٩ | ١ |
| ٩ | شێوازی گاڵتەئامێز | ١٧١، ٢١٧، ٢٦٥، ٢٧٥، | ٠ | ٤ | ٠ |
| ١٠ | بانگەشە بۆ داهاتو | ١٧٩، ١٨٦، ١٨٧ ١٨٨، ٢٠١، ٢٧٤، | ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، | ٦ | ٥ |
| ١١ | هاندان و دڵنیاییدان بۆ ئاینده | ١٨٤، ١٨٥، ٢٤٠، ٢٧٣، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٨٤، | ١١٣، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٧٩، | ٨ | ١٠ |
| ١٢ | هۆکاری ساختە | ١٩٥، ١٩٨، | ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ٢١٦، ٢١٧، | ٢ | ٦ |
| ١٣ | دژبەیەکی | ٢٠٤، ٢٠٨، ٢٥٢، ٢٦٣، ٢٨٣، | ٩٠، ٩١، ٢١٤، ٢١٥، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٢٢، | ٥ | ٧ |
| ١٤ | ڕەش و سپی | ٢١٩، ٢٢٢، ٢٢٣، | ٠ | ٣ | ٠ |
| ١٥ | وەسوەسەی پێشبینیکردن/ لایەنداری/ نیشانشکێنی تەکساس | ٢٢٠، ٢٢١، | ٠ | ٢ | ٠ |
| ١٦ | بەهۆی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە | ٢٢٥، | ١٧٥، ١٩٠، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٧، ٢٠٧، ٢٠٨، | ١ | ٧ |
| ١٧ | داهۆڵ | ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٥٥ | ٨٧، | ٣ | ١ |
| ١٨ | پرسیاری بارگاویکراو/ ئاڵۆز / لێکدراو | ٢٣١، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٦١، ٢٧٠، | ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٢٧٠، | ٧ | ٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | فەرامۆشكردنی هەندێك/ گشتاندنی گشتگیر/ ڕەها | ٢٨٧ | ١٠١، ١١٤، ١١٦، ١٧٠، | ١ | ٤ |
| ٢٠ | قومارچی | ٢٩١ | ١٦٣، ١٧٨، | ١ | ٢ |
| ٢١ | نێرڤانا | ٠ | ٩٩، ١٧١، | ٠ | ٢ |
| ٢٢ | ترساندن/ هەڕەشە | ٠ | ١٥١، ١٥٢، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٤٤، | ٠ | ٧ |
| ٢٣ | پیاوە سكۆتلەندییەكە | ٠ | ١٦١، | ٠ | ١ |
| ٢٤ | سروشتی بون | ٠ | ١٧٤، | ٠ | ١ |
| كۆ | | | | ١٦٨ | ١٠٤ |

خشتەی ژمارە (١)

دیاریكردنی جۆر و ژمارەی ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن

خشتەی ژمارە (٢)، ڕێژەی سەدیی و جارەكانی پاتبونەوە و جۆری ئارگیومێنتەكانی بەهەڵەدابردنی هەردو گوتارەكە دەخاتەڕو. كە بەپێی ئەم خشتەیە و لە كۆی (٢١) بیست و یەک جۆری ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردنی گوتاری پارتی دیموكراتی كوردستان (پ. د. ک)دا، (١٠٤) جار ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن بەكارهێنراوە، لەناویشیاندا بەهەڵەدابردنی (گشتاندنی بە پەلە) بە ١٣ پاتبونەوە و بەڕێژەی (١٢,٥٪) لە بەرزترین ئاستی بەكارهێناندایە، لەبەرامبەردا گوتاری نەوەی نوێ بە (٢٠) جۆری بەهەڵەدابردن، (١٦٨) جار بەهەڵەدابردن بەكارهاتوە، بەهەڵەدابردنی (گریمانەی ئەنجام/ سواڵكردنی پرسیار/ بازنەیی) بە (٤٤) پاتبونەوە زۆرترین بەكارهێنانی هەیە.

| جۆری بەهەڵەدابردن | پاتبونەوە ن. ن | ٪ ن. ن | پاتبونەوە پ. د. ک | ٪ پ. د. ک |
|---|---|---|---|---|
| **گریمانەی ئەنجام/ سواڵكردنی پرسیار/ بازنەیی** | 44 | 26.2 | 10 | 9.6 |
| **یاریكردن بە هەست و سۆز** | 16 | 9.5 | 6 | 5.8 |
| **زاراوە ڕێژەییەكان** | 7 | 4.2 | 5 | 4.8 |
| **پێوانەی لاواز / لێكچوی ساختە** | 7 | 4.2 | 4 | 3.8 |
| **گشتاندنی بەپەلە** | 15 | 8.9 | 13 | 12.5 |
| **وشەی زیانبەخش** | 12 | 7.1 | 1 | 1.0 |
| **نەبونی بەڵگە/ نەزانی** | 5 | 3.0 | 7 | 6.7 |
| **پێوانەی هەڵە** | 19 | 11.3 | 1 | 9.6 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شێوازی گاڵتەئامێز | 4 | 2.4 | 0 | 0 |
| بانگەشە بۆ داهاتو | 6 | 3.6 | 5 | 4.8 |
| هاندان و دڵنیاییدان بۆ ئاینده | 8 | 4.8 | 10 | 9.6 |
| هۆکاری ساختە | 2 | 1.2 | 6 | 5.8 |
| دژبەیەکی | 5 | 3.0 | 7 | 6.7 |
| ڕەش و سپی | 3 | 1.8 | 0 | 0 |
| وەسوەسەی پێشبینیکردن/ لایەنداری/ نیشانشکێنی تەکساس | 2 | 1.2 | 0 | 0 |
| بەهۆی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە | 1 | .6 | 7 | 6.7 |
| داهۆڵ | 3 | 1.8 | 1 | 1.0 |
| پرسیاری بارگاویکراو/ ئاڵۆز/ لێکدراو | 7 | 4.2 | 4 | 3.8 |
| فەرامۆشکردنی هەندێک/ گشتاندنی گشتگیر/ ڕەها | 1 | .6 | 4 | 3.8 |
| قومارچی | 1 | .6 | 2 | 1.9 |
| نێرڤانا | 0 | 0 | 2 | 1.9 |
| ترساندن/ هەڕەشە | 0 | 0 | 7 | 6.7 |
| پیاوە سکۆتلەندییەکە | 0 | 0 | 1 | 1.0 |
| سروشتی بون | 0 | 0 | 1 | 1.0 |
| کۆ | 168 | 100.0 | 104 | 100.0 |

خشتەی ژمارە (٢)

جۆر و ژمارە و ڕێژەی سەدیی بەهەڵەدابردنەکان

**ئەنجام:**

١- گوتاری سیاسیی زارەکی- دیداری تەلەڤزیۆنییدا پشت بە ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی دەبەستێت بۆ کاریگەریی و ڕازیکردنی وەرگر لە ئاراستەکردن و بەرهەمهێنانی گوتاردا.

٢- بەهەلەدابردنی (گریمانەی ئەنجام/ سوالکردنی پرسیار/ بازنەیی) لە کۆی (٢٧٢) پاتبونەوەی بەهەڵەدابردنەکانی هەردو گوتارەکەدا، بە (٥٤) پاتبونەوە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، بەهەڵەدابردنی (گشتاندنی بەپەلە) لە پلەی دوەمی بەکارهێناندایە بە (٢٨) پاتبونەوە. بەو واتایەی گوتاربێژ میکانیزمی دروستکردنی پرسیاری گریمانەکراو بە ئەنجامێکی دیاریکراو زیاتر لە هەر میکانیزمێکی دیکە پشتی پێدەبەسترێت.

٣- لە گوتاری سیاسی (بەنمونە وەرگیراو)دا، پ. د. ک بە(٢١) جۆر (١٠٤) جار و نەوەی نوێ بە(٢٠) جۆر و (١٦٨) جار ئارگیومێنتی بەهەڵەدابردن بەکارهێنراوە. بەمەش پ. د. ک جۆرەکانی بەهەڵەدابردنی زیاترە و ژمارەی پاتبونەوەی کەمترە، لەبەرامبەردا لە گوتاری نەوەی نوێدا ژمارەی جۆرەکانی کەمترە، بەڵام ژمارەی پاتبونەوە زیاترە.

٤- لە بیست و یەک جۆری بەهەڵەدابردنی (پ. د. ک)دا، بەهەڵەدابردنی (گشتاندنی بەپەلە) لە پلەی یەکەمدادێت و (١٣) سێزدە جار پاتدەبێتەوە و بە ڕێژەی (١٢,٥ ٪) و هەردو بەهەڵەدابردنی (گریمانەی ئەنجام/ سواڵکردنی پرسیار/ بازنەیی) و (هاندان و دڵنیاییدان بۆ ئایندە) لە پلەی دوەمدا دێن، هەریەکەیان بە (١٠) پاتبونەوە، لەبەرامبەردا لە گوتاری (نەوەی نوێ)دا بەهەڵەدابردنی (گریمانەی ئەنجام/ سواڵکردنی پرسیار/ بازنەیی) بە (٤٤) پاتبونەوە و بە ڕێژەی (٢٦,٢ ٪) لە پلەی یەکەمی بەکارهێناندایە و بەهەڵەدابردنی (پێوانەی هەڵە) بە (١٩) پاتبونەوە و بەڕێژەی (١١,٣) لە پلەی دوەمدایە.

**سەرچاوەکان:**


محەمەد، بەهار زایەر (٢٠٢١)، میکانیزمەکانی ئەرگۆمێنت لە داڕشتنی هەواڵدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

محمد و دزەیی، بەهار زایر و عبدلواحد مشیر (٢٠٢٠)، لۆژیک وەک میکانیزمێکی ئەرگۆمێنتی لە داڕشتنی هەواڵ دا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، بەرگی ٨، ژمارە ٤.

محەمەد، دەشتی بەهجەت (٢٠١٦)، لێلی لە گوتاری سیاسیی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

سلێمان، ئاسۆس ئەنوەر(٢٠٢٢)، ئەرگۆمێنت لە گوتاری سیاسی کوردیدا، بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەنمونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

توفیق و مستەفا، قەیس کاکل و چیا عەلی (٢٠٢١)، توندی و نیانی لە گوتاری سیاسیدا، گۆڤاری توێژەر/ بەرگی ٤/ (١)، ٧-٦٨.

ڕەفیق، فاروق (٢٠١٤)، لۆژیک و هونەری ئەرگومێنتسازی، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاگۆرا بۆ بەرهەمە کلتوریەکان، چاپخانەی شڤان.

ابو الزهراء (٢٠٠٣)، دروس الحجاج الفلسفي، مكتبة الخانجي، القاهرة.

الباهي، حسان (٢٠٠٤)، الحوار ومنهجية التفكير النقدي، افريقيا الشرق، المغرب.

بلانتان، كريستيان (٢٠١٠)، الحجاج، ت: عبدالقادر المهيري، منشوارات دار سيناترا، المركز الوطني للترجمة، (سحب ٢) تونس.

بوحايك، يوسف صامت (٢٠١٨)، رجل القش، دار شفق للنشر والتوزيع، الكويت.

بوفناز، حسين (٢٠١٩)، المغالطات الحجاجية و فن صناعة الجهل في الخطاب السياسي المعاصر، مجلة المدونة، المجلد ٦، العدد٣، جامعة البليدة - كلية الآداب و اللغات قسم اللغة العربية، الجزائر.

الراضي، رشيد (٢٠١٠)، الحجاج والمغالطة، دار الكتاب الجديد المتحدة، لبنان.

الزبيدي، رائد مجيد جبار (٢٠٢٠)، الاساليب المغالطية في المطارحات الحوارية التلفزيونية، مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع، العدد (٥٨)

سالفسترو، كوستانتين (٢٠٢١)، العقلانية والتلاعب، دور المغالطات في الخطاب اللسياسي، ت: حسين البعطاوي، مجلة خطابات، العدد الثالث، تصدر عن مركز المدار المعرفي للأبحاث والدراسات، الجزائر.

الساري، عبدالكريم فهد (٢٠١٢)، تكنيك الحديث والمقابلات الصحفية، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

الشهري، عبدالهادي بن ظافر (٢٠٠٤)، استراتيجيات الخطاب، مقاربة تداولية، دار الكتاب المتحدة، بيروت-لبنان، ط١.

صوله، عبدالله (٢٠٠٧)، الحجاج في القرآن الكريم، دار الفارابي، بيروت - لبنان.

طروس، محمد (٢٠٠٥)، النظرية الحجاجية من خلال الدراسات البلاغية والمنطقية واللسانية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الدار البيضاء.

عادل، عبداللطيف (٢٠١٣)، بلاغة الاقناع في المناظرة، منشورات ضفاف، لبنان.

عكاشة، محمود (٢٠٠٥)، لغة الخطاب السياسي، دار النشر للجامعات، مصر.

القارصي، محمد علي (١٩٩٨)، اهم نظريات الحجاج في التقاليد الغربية من ارسطو الى اليوم، مجلة الاداب والفنون والعلوم الانسانية، اشراف: حمادي صمود، تونس.

قرەداخي، بەهات حسيب (٢٠١٨)، الحوار التلفزيوني فن والمعرفة، مركز دراسات روداو، اربيل.

الكيلاني، مجدي (٢٠٠٨)، تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور معاصر، دار التنوير، الاسكندرية.

لايل، جيسون (٢٠١٠)، الدليل الحاسم للخلق، الطبعة الثالثة، الولايات المتحدة الامريكية.

ماير، ميشيل (٢٠١٠)، اللغة والمنطق والحجاج، ضمن كتاب الحجاج مفهومه ومجالاته (ج:الخامس)، ت: محمد اسيداه، عالم الكتب الحديث، اربد-الاردن.

مصطفى، عادل (٢٠٠٧)، المغالطات المنطقية، الناشر موسسة هنداوي

مصطفى، عادل (٢٠١٩)، المغالطات المنطقية، الناشر موسسة هنداوي

محمد، بن عماره (٢٠٢٠)، بلاغة الحجاج المنطقي لدى المفسرين المعاصرين، اطروحة الدكتوراه، جامعة عبدالحميد بن باديس-مستغانم، الجزائر.

مراد، ليتيمي (٢٠١٢)، الحجاج في المناظرة، رسالة الماجستير، جامعة مولود معمري، كلية اللغات، الجزائر.

الميلاجي، وفاء (٢٠٢٢)، المغالطة الحجاجية في الخطابة السياسية (منتخبات من خطب معاوية بن ابي سفيان)، مجلة دليل الاداب واللغات، جامعة محمد بن أحمد – وهران 2، المجلد١ العدد ٢، الجزائر.

النويري، محمد (١٩٩٨)، الاساليب المغالطية مدخلا في نقد الحجاج، ضمن: اهم نظريات الحجاج في التقاليد الغربية من ارسطو الى اليوم، مجلة الاداب والفنون والعلوم الانسانية، اشراف: حمادي صمود، تونس.

Breton ,Philippe (1998), L'argumentation Dans la communication. Editions du Casbah, Alger.

Carson D. A. (1984), Exegetical fallacies, Baker Book House Company, Printed in the USA.

Longman (1989) dictionary of contemporary English, Longman; Revised edition Publisher.

Roca-Cuberes, Carles (2013), Political interviews in public television and commercial broadcasters, journals Permissions, University Pompeu Fabra, Barcelona, Spain.

van Eemeren, Frans H.( 2008), Argumentation Analysis, Evaluation, Presentation, LAWRENCE ERLBAUM ASSOCIATES, PUBLISHERS Mahwah, New Jersey, London.

Inch, Edward S. & Tudor, Kristen H. (2015), Critical Thinking and Communication the Use of Reason in Argument, Pearson Education Limited, England.

Santoso, Jennifer Marella (2017), A Fallacy Analysis of the Arguments on the First U.S. Presidential Debate Between Hillary Clinton and Donald Trump, Kata Kita: Journal of Language, Literature, and Teaching, Vol. 5, No. 2, November.

گفتوگۆی شاسوار عەبدولواحید (سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ) لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای ئاینی و کەسایەتی، کەناڵی NRT https://www.facebook.com/Xwendn.larussiau/videos/1463929607313521.٢٠٢١/٩/٢٢

دیداری تایبەت لەگەڵ (مەحمود محەمەد- گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان)، کوردستان تی ڤی ٢٠٢١/٩/١٩. https://www.facebook.com/watch/live/?ref=watch_permalink&v=595886618247998

## پاشکۆ:

١- گوتاری نەوەی نوێ (سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ (پ= پرسیار، و= وەڵام)

و/ ٩١- ئەڵی چیتان کردوە؟ ٩٢- چیمان نەکردوە؟ ٩٣- چیمان نەکردوە؟ مەسەلەن ٩٤- چی شتێک هەیە لەسەر ئەم ئەزیزانەش حەزەکەم دوایی بیلێم، چی شتێک هەیە لە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بێت؟ کە هەشت کورسی پەرلەمانی هەبوە، تەبعەن ٩٥- من قەت گلەیی لە خەڵک ناکەم، ٩٦- خەڵک ناحەق نییە، ٩٧- بیدایەت بە چوار مانگ بایی هەشت کورسی دەنگمان هێنا، کە ٩٨- دڵنیام ئیشەڵا ئەمجارە زۆر باشتر ئەبێ، هی پەرلەمانی کوردستان تەبعەن، ٩٩- بایی هەشت کورسی دەنگمان هێنا، ١٠٠- برێک لە خەڵک قەناعەتی پێکردین، ١٠١- دوایی توشی یەک دونیا موئامەرەبوین

ئەوانەی کە بە هاوڕێ و دۆستی خۆمانمان ئەزانین چون بەشێکیان لەگەڵ دەسەڵاتا ڕێککەوتن و دەعوایان لێکردین و شکاتیان لێکردین و خستنیانە سجنەوە، ١٠٢- فراکسیۆنەکەیان دوکەرت کرد، ١٠٣- سجن کراین ١٠٤- گەنجەکانمان سجن کران، ١٠٥- یەک دنیا شتمان بەرامبەر کرا، بەڵام چیاخان ١٠٦- تەسەورکە نەک تەسلیم نەبوین، یا ڕامان نەکرد، ١٠٧- یەعنی ئێستا ڕەنگە، من ناڵێم خەڵکی ئازا هەمیشە هەیە، ١٠٨- بەس هەندێ سیاسی تر بونایە یەکسەر ڕایان بکردبوایە هەر وڵاتەکەیان بەجێهێشتایە، یان ١٠٩- بچوبونایە لەگەڵ دەسەڵاتا ڕێکەوتنایا، ١١٠- ئێمە نەک ئەمەمان نەکرد ئازایانە لە پەرلەمان شەڕمان کرد، ١١١- بەردەوام بوین لە شەقام لە میدیا لە پرۆژە لە خزمەتگوزاری، یەعنی ١١٢- نەوەی نوێ چ شتێک هەیە لەسەری بوە نەیکردبێت؟ ١١٣- تا خەڵکی ئەزیز دەنگی پێ نەیات؟ ١١٤- چ درۆیەکی کردوە؟ یەعنی ١١٥- تۆ جەنابت سەحەفیت، وە ئەم ئەزیزانە پێم بڵێم عەزیەت نەبێ نەوەی نوێ ئاخیر ئینتیخاباتی ڕابردو ٢٠١٨/٩/٣٠ بوە، تەقریبەن ڕێک سێ ساڵ پێش ئێستا، ڕێک، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەیە چی هەبوە ئێمە نەمانکردبێت؟ ١١٦- چ غەڵەتێکمان کردوە؟ ١١٧- چ هەڵوێستێکی سیاسیمان هەبوە غەڵەت بێ؟ ١١٨- چ پارەیێ پۆستێ بەرژەوەندییە، چ شتێکان هەبوە کە ئێمە بۆ نمونە لەگەڵ خەڵکا ناڕاست بوبێتین؟ چیا خان ١١٩- هەر بۆ ئەوەی جوابی ئەوەت بەمەوە، من بەش بە حاڵی خۆم و هاوڕێکانیشم، هەمو ئەوانەی ئەگەر لێرە ئەو برادەرانەمان لەگەڵا بێ کە لەگەڵ نەوەی نوێ کاریان کردوە، ١٢٠- ئەگەر لە ڕوی ئاینییەوە حیسابی بۆ بکەی ئەوەی لە ڕوی ئاینییەکەوە لەسەرمان بوە کردومانە، ئەویش دیفاع لە هەق و وەستانەوە دژی زوڵم ئەمە مەبدەئێکی دینییە، ١٢١- ئەبێ هەمو کەسێک کە باوەڕی بە خوای گەورە هەبێ باوەڕی بە ئاینە پیرۆزەکەی خۆی هەبێ ئەبێت دیفاع لە هەق بکات و دژی زوڵم بێ، ئەمان کردوە لە ڕوە ئاینییەکەیەوە، ١٢٢- لە ڕوە سیاسییەکەیەوە، ئێمە هەرچی مەواقیفی سیاسیی باش هەیە، هەرچی ئەو بەڵێنە سیاسییانەی کە داومانە جێبەجێمان کردوە،١٢٣- لە ڕوە ئەخلاقییەکەیەوە وەکو شەخس، درۆمان لەگەڵ یەک کەسا نەکردوە، یەعنی ١٢٤- پێش هەڵبژاردنی ٢٠١٨ چ بەڵێنێکمان بە دەنگدەرەکەی خۆماننداوە، دوای هەڵبژاردنەکە ئەوەمان جێبەجێکردوە، واتا ١٢٥- لە ڕوی ئاینییەوە، لە ڕوی سیاسییەوە، لەڕوی ئەخلاقییەوە، ئەوەی لەسەرمان بوە من خۆم و هاوڕێکانم کردومانە، ١٢٦- هەمومان ئەوەی لەسەرمان بوە بە ئەخلاقەوە، بە ئینسافەوە کردومانە، ١٢٧- ئیتر دەمێنێتەوە سەر خەڵکی ئەزیز کە بڕیاربات.

و/ ١٢٨- مەخسەو چییە کە بڵێین سیاسەت؟

و/ چیاخان، ١٢٩- یەکڕیزی کورد بە قسە نابێت، تۆ مەسەلەن ١٣٠- من پێموایە یەکڕیزی کورد ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان حکومەتێکی مەعقوڵت هەبێ کە نوێنەرایەتی خەڵک بکات، ١٣١- مەخسەم ئەوە نییە حکومەتە هەرچی حزبی خەڵکە تیایێ، نەخێر بە ئێمەشیان وتوە وتوشیانە وەزارەتیشتان ئەیەینێ و نەشچوین، لە ٢٠١٨ یا، بەڵام ١٣٢- حکومەتەکە تەمسیلی خەڵک بکا، واتا ١٣٣- حکومەتەکە خۆی بە حکومەتی مامۆستایەکی ئاینی بەڕیز بزانێت، ١٣٤- خۆی بە حکومەتی خانمێ بزانێت، ١٣٥- خۆی بە حکومەتی ئۆپۆزسیۆن بزانێت، ١٣٦- خۆی بە حکومەتی کەسێکی دەسەڵاتیش بزانێت، ١٣٧- خۆی بە حکومەتی ژن بزانێت پیاو بزانێت گەنج بزانێ پیر بزانێ، ١٣٨- حکومەتەکە ئەبێ تەمسیلی خەڵک بکا، ١٣٩- ئەبێ ئیش بۆ خەڵک بکا نەک ئیش بۆ حزب، ١٤٠- نابێ حکومەتی حزبی بێ، ١٤١- پەرلەمانەکەمان ئەبێ پەرلەمانی خەڵک بێ، ١٤٢- تۆ تەسەور ئەکەی تا ئێستا، ئەو برادەرانەمان ئەوە سێ ساڵە لە پەرلەمانن، یەک یاداشتی نەوەی نوێ نەخراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە؟ ١٤٣- بۆ نەوەی نوێ دوژمنی کوردە؟ ١٤٤- دوژمنی پەرلەمانە؟ ١٤٥- پەرلەمانتار نین؟ ١٤٦- فراکسیۆن نین؟ ١٤٧- پەرلەمان پەرلەمانی کوردستان نییە؟

١٤٨- یەک یاداشت یەک پرۆژە یاسای نەوەی نویٚ، بڵێین پرۆژە یاسایەکی نەوەی نویٚ نەخراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، لەبەرئەوەی ١٤٩- پەرلەمانەکە تەمسیلی هەمو کورد ناکات، ١٥٠- وەکو خەڵک و پێکهاتە ئەمانە دەستیان خۆشبێت، ئیشێکی باشیان کردوە، ١٥١- وەکو ئەو عەقڵیەتەی کە ئیدارەی ئەکا، من مەقسەم ئەوە، یەعنی نەهاتوە پەرلەمان بکا بە پەرلەمانی هەمو خەڵک، ١٥٢- مەجلسی قەزا، ئەنجومەنی دادوەری نەیکردوە بە ئەنجومەنی دادوەری هەمو خەڵک، ١٥٣- عیلاقاتی کورد لەگەڵ بەغایا نەیکردوە بە عیلاقاتێکی موئەسەساتی، ١٥٤- دێت لە هەڵبژاردنا تەزویر لیٚ ئەکات، یا ١٥٥- هەوڵەیات تەزویر لیٚ بکات ١٥٦- لە خۆپیشاندانا ئەوگریٚ یا ١٥٧- گەنج ئەکوژێت ١٥٨- لە میدیایا میدیا دائەخا، ١٥٩- چالاکوانی بادینان سجنی ئەکات، ١٦٠- تۆ پێم بڵیٚ یەکڕیزی چییە یەعنی؟ یەعنی سەیرکە ١٦١- یەکیٚ لەو ئەزیزانە بێتە شوێنی من، ١٦٢- بڵی خۆی بخاتە شوێنی من منیش ئەچمە شوێنی ئەوانەی دەسەڵات ئەڵێم، یەکڕیزبە ١٦٣- تۆ چۆن جوابم ئەیەنەوە؟ ١٦٤- ئەو بەڕیزانە چۆن جوابم ئەیەنەوە؟ ١٦٥- ئەگەر من بڵێم ئەو هەمو شتە بەرامبەر ئەکەم بەس ئەشبیٚ تۆ ئەبیٚ یەکڕیزیش بی، ١٦٦- یەکڕیزی کورد هەر بۆئەوەی بە خوڵاسە جوابت بەمەوە ئەوەیە موئەسەساتی کوردیمان هەبیٚ بە قوەت بیٚ ١٦٧- پەرلەمانێکی بەقوەت یا حکومەتێکی بە قوەتمان هەبیٚ تەمسیلی خەڵک بکا بچێتە بەغا، ١٦٨- ئەم پەرلەمانە بچێتە بەغا ئەم حکومەتە بچێتە بەغا، تەمسیلی هەمو خەڵک بکا ١٦٩- موئەسەساتەکانت بە قوەت بیٚ لەبەغاش ڕێزت لیٚ ئەگرن چیاخان، ١٧٠- لێرەش تەمسیلی خەڵکەکەی ئەوکاتە، ئەوە یەکڕیزییە، ١٧١- ئەگەر نا یەکڕیزی ئەوە نییە دانیشین پێکەوە ڕەسمێک بگرین و چایەکمان بۆ بێنن یان تۆزیٚ یان دەعوەتێکمان بکەن و بڵێن ئەمە یەکڕیزییە.

و/ ١٧٢- ئێمە پێمانوایە لە ئەخیرا دوای هەڵبژاردن یەکێتی و پارتی پێکەوە ڕێکئەکەون، ١٧٣- بەس داخ و خەفەتەکەی ئێمە ئەوەیە بۆ پۆست ڕێکئەکەون، ١٧٤- وەعد بیٚ بەڵێن بیٚ ئەگەر یەکێتی و پارتی هەچ ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر کورد شەڕیان کرد، بەس بە شەرتێک لەسەر کورد، بۆ پارە و بۆ کۆمپانیاکانی خۆیان نەبیٚ، ١٧٥- تەسەورکەن با ئەم ئەزیزانە بزانن وەفدی گەورەی هەر بۆ مەعلوماتی جەنابتان، وەفدی گەورەی هەرێم، وەفدی زۆر گەورەی هەرێم، ئەچیٚ بۆ بەغا ئەچیٚ لەگەڵ خۆیا کۆمپانیای فلان و فیسار ئەبا، ئاوا لەتەنیشت خۆی و بە ڕەئیس وزەرای عێراقیا ئەناسێنیٚ، ئەڵیٚ بەڕیز مستەفا کازمی بەشکم ئەوە فلان کەس کێشەیەکی هەیە لە بەغدا بەڵکو بۆی حەل کەی، ١٧٦- توخوا تۆ مستەفا کازمی بیت چۆن سەیری کورد ئەکەی؟ ١٧٧- چۆن سەیری ئەو وەفدەی کوردستان ئەکەی؟ ١٧٨- وەفدیٚ نوێنەری میلەتیٚ بیٚ کۆمپانیایەکی لەگەڵا بیٚ بڵیٚ وەڵاهی ئەوە کێشەیەکی هەیە لە بەغا بۆم حەل کە، ١٧٩- وەعد بیٚ ئەگەر کورد، هەچ حزبێکی کوردی چوە بەغا شەڕی لەسەر پارە بۆ خەڵک کرد، نەک بۆ کۆمپانیاکانی، شەڕی لەسەر پێشمەرگە کرد، کە چۆن مەسەلەن هێزێکی چەکدار لە کەسێک ئەندامێکی هێزێکی چەکدار لە جنوب ملیۆن و دوسەی هەیە، بچیٚ پێشمەرگەش بکا بە ملیۆن و دوسەد موچەکەی، وەعد ئەگەر شەڕی لەسەر کەرکوک و شەنگال و ناوچە جێناکۆکەکانی تر و خانەقین و ئەوانە کرد، وەعد بەبیٚ ئەوەی ئێمە پێویست بکا لەگەڵیشیانا دابنیشین یان هاوپەیمانێتیمان هەبیٚ لەگەڵیانا، وەعد بە هەردە پەنجە ئێمە بۆیان مۆر ئەکەین و لەگەڵیانا ئەبین و ئیمزایان ئەکەین، ١٨٠- ئەمن قابیلە دژی میلەتەکەی خۆم بم؟ ١٨١- ئێستا ئەگەر هێزێک هەبیٚ لە بەغا داوای مافی کوردکا، قابیلە لەبەر ئەوەی ئەم هێزە فلانە ئیتر ئێمە بڵێین ڕێک عەکسی ئەو دەنگ ئەیەین؟ دژی ئەوانین، نەخێر، بەس چیاخان، ١٨٢- ئەوەی کەموشکیلەکە ئەوەیە ئەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەی کە جەنابت باسی ئەکەی هاوپەیمانی پارەیە، هاوپەیمانی کۆمپانیاکانە، هاوپەیمانی کۆمپانیای فلان و فیسارە، هاوپەیمانی کوردی نییە، ١٨٣- ئەوەی پێشیوایە ئەم هێزی یەکێتی و پارتی یەکەگرن بۆ مەسلەحەتی کورد پێموایە کەسێکی فەقیرە بەداخەوە دوای سی ساڵ لە یەکیتی و پارتی تێنەگەیشتوە، بەڵام ١٨٤- بۆ

قسەکەی جەنابت هەچ مەوقیفێ هەبێ خزمەتی کورد بکا ئێمە لەگەڵیاین، کورد نەک وەکو قەومێکە، نەک وەک ئەوەی من باوەڕم نیی..، هەچ کەسێکە کە لەم کوردستانە هەبێت، هەچ کەسێک ١٨٥- ئێمە لەگەڵ مافی مرۆڤاین، مافی من..١٨٦- ڕەنگە پەرلەمانتارەکانی ئێمە ئەگەر شەڕێک بێت لە بەسرە خۆپیشاندانێکی عەرەبیش بکوژن دیفاعی لی ئەکەین، وە ١٨٧- زینندانیانی بادینانیش دیفاعی لێ ئەکەین، ١٨٨- بەس ئێمە وەکو نوێنەری ئەم شوێنە، ئێستا تۆ بتەوێ و نەتەوێ وەکو نوێنەری سلێمانی هەولێر کەرکوک دهۆک ئەچیت ئەگەر دیفاعیان لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کرد لەخەڵکی ئەم شارانە کرد ئێمە لەگەڵیانا ئەبین.

و/ ١٨٩- بەڵێ، ڕاستیەکەی ئێمە پێمانوایە زۆر باشە، لەبەرئەوەی ١٩٠- ئێستا نەوەی نوێ سیاسەتێکی زۆر عاقڵانەی گرتۆتەبەر، زۆر زۆر بە بەرنامە کاری کردوە، ١٩١- لە هەمو بازنەیەکی هەرێمی کوردستان و کەرکوک و ئەوانەیا یەک کاندیدی داناوە هەمو تەرکیزی دەکاتە سەر کاندیدێ، ١٩٢- خەڵک سەوت ئەیا لە گڵۆپەکە، ١٩٣- هیچ سەوتێ نافەوتێت، ١٩٤- یەک سەوتی نەوەی نوێ خەسار نابێ وە هەرچی نەوەی نوێیە لە یەک کەسا کۆئەبێتەوە، وە ١٩٥- لە هەمو بازنەیەکا نەوەی نوێ من پێموایە ئەسڵەن هەر یەکەمی بازنەکەی ئەبێ ئیشەڵا، یەعنی لەبەرئەوەی یەک تاکە کاندیدی هەیە، ١٩٦- هێزەکانی تر، هەندێ هێز هەیە هەر کاندیدی دانەناوە لە بازنەکان، ١٩٧- پێیوایە دەرناچێ، ١٩٨- هێزەکانی دەسەڵاتیش چون چیاخان دو سێ کاندیدیان داناوە، هەیە چواری داناوە ئێ ئەمە دوایی دەنگەکان دابەشەبێ، ڕەنگە دوانیانی لە کیس بچێ، ڕەنگە سیانیانی لە کیس بچێت، ١٩٩- ئەڵی تۆ ڕابکەی بۆ دو کەروێشک هیچیان ناگریت، ڕەنگە وایان لێبێت، یەعنی کانیدیدەکانیان.. بەس ٢٠٠- نەوەی نوێ زۆربەعاقڵانە هینی کردوە، ٢٠١- نەوەی نوێ ئیشەڵا بەتەماین لە بازنەکەی یەکەم بین، یەعنی بە هەمو شتێکەوە، بە هەمو خوانەخواستە کە ٢٠٢- ئیشەڵا ئەمجارە ئومەمی موتەحیدە و ئەوانە هەیە، ٢٠٣- تەزویرات و ئەم بێنە و بەرەیەی ئەگەر یەکێتی و پارتی بیشیانەوێت، هەر داویان نایات، لەبەرئەوەی ٢٠٤- چوار کورسییە یەکەم نەبیت دوەمی دوەم نەبیت سێیەمی سێیەم نەبیت چوارەمی، یەعنی ٢٠٥- هەر کاندیدەکەی نەوەی نوێ ئیشەڵا دەرەچێت و ٢٠٦- کورسییەکی باش ئەهێنێت لە بازنەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکوکا.

و/ ٢٠٧- ئەگەر لە هەچ هەڵبژاردنێکی ئەم دونیایە پێتوابێ خروقات جا چ بچوک بێت یان گەورەبێ، ساختەکاری ناکرێ، ئەوە جۆرێکە لە ساویلکەیی، بەڵام، بەڵام خۆی ئەمە موهیمە، یەعنی پێش ئەوەی بچمە سەر بەڵامەکە، ٢٠٨- لە ئەمریکا ئەمجارە ترەمپ دوسێ هەفتەی پێش ئیعلانی نەتائیج ئەیوت ساختەکاری کراوە، لە ئەمریکا! دوای دوسەد وچل ساڵ، چل و قسور ساڵ لە هین، لە دیموکراسیەت و لە هەڵبژاردن، چ جای لە هەرێمی کوردستان، بەڵام چیاخان ئەمە موهیمەکەیە، دو شت یەکەم ٢٠٩- ڕێژەی بەشداری خەڵک تەئسیری ساختەکاری کەم ئەکاتەوە بتەوێ و نەتەوێ، ٢١٠- ئا ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەم ئەزیزانەیا، تەبعەن تەشبیە نەبێ تەشبیە نەبێ جەنابت ئەگەر بڵێین خوانەخواستە حزبێکی دەسەڵاتیت تۆ ئا لەویا ئێستا دە کەس ئەهێنمە سەر ستەیجەکە لەگەڵ تۆیا بێت باشە؟ ٢١١- ئەم هەمو خەڵکەی لێرەشن نارازی بن لە تۆ وەک دەسەڵات، سنوقێکیش دائەنێین، ئەگەر دە کەسەکەی تۆ بەزۆر بیاننێری بۆ سنوق دەنگدان بکەن ئێستا، بەس ئەم بەڕێزانە کەسیان نێن دەنگ نەدەن، کێ ئەیباتەوە؟ ٢١٢- تۆ ئەیبەیتەوە یان من ئەیبەمەوە؟ ٢١٣- ئەگەر تۆ دە کەست لەگەڵا بێ؟

و/ ٢١٤- بزەبت، وانییە؟ ٢١٥- ئەی ئەم خەڵکانە بیست کەسیان هەمویان نا، عەزیەت نەبێ بیست کەستان وەرن دەنگ بەن، ئیتر تەواو دەکەی تۆ، خۆ ئەگەر هەمویان بێن، موهیمییەکەی لەوەیایە، ئەگەر هەمویان بێن دەنگ بەن

دەکەی تۆ یەکی دە جاریش سەوتیان پێ بەیت چەند ئەکا؟ دە دەبی؟ سە ئەکا، ئەمانە دوسەد و پەنجا سێ سەد کەسن هەر ئێمە ئەیبەینەوە، کەواتە٢١٦- ئەوەی تەزویر کەمەکاتەوە مەنتقە، ئیتر ٢١٧- ئەمە بەشەڕ فرۆشتن و بەزۆر و بە قسەی هین نابێ، ٢١٨- ئەوەی کاریگەری تەزویر کەمەکاتەوە خەڵکە، چونی خەڵکە، ٢١٩- ئەوەی کە ناچی بۆ دەسەڵات، بۆ دەنگدان تەواو خزمەتێکی دەسەڵات ئەکا، بیەوێ و نەیەوێ ئەم دەسەڵاتەی خۆش ئەوێ، خۆ ڕەنگە لە دڵیەوە خۆشی ناوێ، بەس ئیتر کارێ ئەکا زۆر زۆر باشە بۆ دەسەڵات، ٢٢٠- کێ ویستی دەسەڵات لە ئێوە، عەزیەت نەبێ هەچ کامێ لە ئێوە ویستتان دەسەڵات باشبێت، دەنگی زیاد بکات، زیاتر گوێ لە خەڵک نەگرێت، خزمەتی خەڵک نەکا، ئەم دەسەڵاتە خراپە بمێنێتەوە، عەزیەت نەبێ نەچن بۆ دەنگدان، ئەوە پەیامی ئێمەیە، ٢٢١- کێ ویستی دەنگی دەسەڵات، کاریگەری دەنگی دەسەڵات، کاریگەری تەزویر زیا بێ، مەچن بۆ دەنگدان، ٢٢٢- کێش ویستی سزای دەسەڵات بات، تۆڵە بکاتەوە، کاریگەری تەزویر کەمکاتەوە، بڕۆن کاکە ئەگەر دەنگیش نایە بە نەوەی نوێ، بڕۆن عەزیەت نەبێ بڕۆن وەرەقەکە زەڕبێکی لێ یەن تکاتان لی ئەکەم بڕۆن ئەمە مافی خۆتانە، ئەمە تەبعەن خاڵی یەکەم، خاڵی دوەم، ٢٢٣- ئەمە ڕەبتی هەیە بە کەرامەتی ئینسانەوە چیاخان، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆو، خوانەخواستە تەزویرێکی زۆر خوانەخواستە زۆریش ئەکرێ، هەرچەند وەکو پێشم وتی ئەمجارە ئومەی موتەحیدە و هەمو دونیا لەسەر خەتە، بێنە بەرچاوی خۆت ئا ئەمە سنوقە، ئەم هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان ئەچن یەک ملیۆن دەنگی دژە دەسەڵات، یەک ملیۆن نەخێر بۆ دەسەڵات، یەک ملیۆن نەوەی نوێ، دەخەنە ناو ئەم سنوقەوە، ٢٢٤- گریمان دەسەڵات، جەماعەت گریمان خوانەخواستە هەر سنوقەکان هەموشی ئەگۆڕێ، کە ٢٢٥- تەبعەن ئەمە ئەلیکترۆنیە سنوق گۆڕینیشی تیا نییە، بەس گریمان ئەشی گۆڕێ، بەس ٢٢٦- دوایی دەسەڵات سنوقەکە حیساب ئەکاتەوە، ٢٢٧- سەیرەکا یەک ملیۆن کەس دژیەتی، ٢٢٨- متمانەی یاوە بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، ٢٢٩- هەچ خوانەخواستە هەچ کەسێ دەسەڵات بێ، من هەر پرسیار لەم ئەزیزانە ئەکەم، تۆ دەسەڵات بیت، ملیۆنێ نەخێریان بۆ کردبێتی، ملیۆنێ دژیان بۆ کردبێتی، ناترسیت؟ ٢٣٠- حەزەر ناکەیت؟ ٢٣١- لەو ملیۆن دەنگە ناترسیت؟ ٢٣٢- بەخۆتا ناچیتەوە؟ ٢٣٣- واز لە تەزویر و لە کورسی بێنە بابە، گریمان هەمو کورسییەکان ئەبەن، ٢٣٤- ناترسی ملیۆنێ کەس بێ بڵێ نەخێر؟ ٢٣٥- ناترسی لەوەی خەڵک هیوای بۆ گەڕاوەتەوە؟ ٢٣٦- ناترسی بڵێی ئەوە خەڵک ملیۆنێ دەنگی داوە بە نەوەی نوێ سبەینێ بەڵکو نەوەی نوێ ئەم خەڵکە بجوڵێنێ؟ ٢٣٧- خۆپیشاندانێ بکەن شتێ دژی دەسەڵات بکەن، ٢٣٨- ناترسی بەخۆتا بچیتەوە خزمەتی خەڵک بکەیت؟ ٢٣٩- ئێ ئەمە ئەهمیەتی هەڵبژاردنە، ٢٤٠- ئێ تۆ برۆ ملیۆنێ دەنگەکە بخەرە ناو سندوقەکەوە، تەواو ئیشی تۆ تەواو بو، چوار ساڵ جارێکە، دە دەقەیە، ئیتر تا چوار ساڵی تر فرسەتی واو بۆ هەڵناکەوێتەوە.

و/ ٢٤١- بەڵی، بەڵی چیاخان، هەر شتێکی تر زۆر موهیمە، ٢٤٢- ئەوانە ئەچن هەندێ هەڕەشە لە هێزەکانی خۆیان ئەکەن، مەسەلەن ٢٤٣- لە خۆیانەوە ئەچن کارتی دەنگدان لە خەڵک ئەسەنن ئەڵێ ئەوە دوایی دەنگ بدەی بە کێ ئێمە ئەیزانین. ٢٤٤- تەبعەن ئەم قسانە هەمو بۆ ترسی خەڵکە لە ئیتیخاباتی پێشوش وایانکرد، ٢٤٥- ئەگەر بیرتان بێ لە ئینتیخاباتی ٢٠١٨شا ئەیانوت وەڵلا بە کارتەکەت دەنگ بەی بەکێ ئێمە بە قەمەر سەناعی ئەزانین دەنگ ئەیەی بەکێ ، کەسیش عیدام نەکرا دوای ئەوە، کەسیش نەیانزانی دەنگی یاوە بە کێ، ٢٤٦- مەخسەم ئەم شتانە ئەکەن بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنن لەبەر یەک سەبەبی بەسیت ٢٤٧- ئەوانەی خۆیان بەشێکیان بە زۆر بێ خوانەخواستە هەندێجار بە هەندێ ئیغرائات بی بە ترس بێ ئەینێرن، ئێ چیاخان ٢٤٨- ئەو مەسەلەن سەد هەزار کەسی هەیە ئەینێرێ، خواخوایەتی ئیتر خەڵکەکەی تر نەڕوا، ساردی ئەکاتەوە، ٢٤٩- کوڕە بابە تۆ بڕۆیت و نەڕۆیت دەنگ هەر یراوە، تۆ بڕۆیت و نەڕۆیت ئیستفادەی نییە، تۆ بڕۆیت و نەڕۆیت ئێمە حک..، ئەم قسانە ئەکا، ٢٥٠- ئێ باشە پرسیارێکی بەسیت، ٢٥١- ئەگەر

ئەمانە هەر حوکمەکەن و دەنگانی سودی نییە، توخوا پرسیاریَ بۆ ئێوە بۆ یەکێتی و پارتی پێش ئینتیخابات حەملە ئەکات؟ مەسەلەن، ٢٥٢- مەخسەدم موچە چاک ئەکا، هەندێ شت ئەکا، هەندێ ڕێگاو بان، ئەگەڕێن لە دەرگای ماڵان ئەیەن، ٢٥٣- کەستان بینویتانە لە دوای ئینتیخابات لەدەرگای ماڵەکانتان بەن؟ ها؟ ٢٥٤- هیچ بەرپرسێکتان بینیوە؟ ٢٥٥- ئێستا لەم ڕۆژانەیا سەرۆکی دەسەڵتا ئەیوت وەڵلا گلەییەکانتان هەڵگرن بۆ دوای ئینتیخابات، ٢٥٦- دوای ئینتیخابات کە گلەیی ئەکەن ئەیانگرن سجنیان ئەکەن، ٢٥٧- ئێستا ئەوانی بادینان گلەییان کردوە لە سجنان، ٢٥٨- ئەڵی هەڵیگرە بۆ دوای ئینتیخابات، دوای ئینتیخابات گلەیی ئەکەین ئەمانگرن، ٢٥٩- من خۆم گیراوم لە دوای ئینتیخابات لەبەرئەوەی گلەییم کردوە، ٢٦٠- پێش ئینتیخاباتیش خەڵک سارد ئەکەنەوە ئەڵێن مەچن، خۆشیان ماڵوماڵ ئەگەڕێن، ٢٦١- بۆ ئەگەڕێن؟ ٢٦٢- لەبەرئەوەی ئەزانن ئینتیخابات دەوری هەیە. ٢٦٣- لەبەرئەوە چیاخان ئەوە بیزەبت، کە خۆیان نایانەوێ حەملە و شتی وا بکەن حەزەکەن خەڵک سارد بێت، ٢٦٤- حەزەکەن خەڵکە ئاساییە نارازییەکە نەڕوا، ئەوانەی خۆشیان بڕوا، ئیتر بەمە کورسی مسۆگەرئەکەن.

و/ ٢٦٥- وەڵا بەهێزن، کاندیدمان هەیە ١٢٠ کیلۆیە ماشەڵا، چیاخان، ٢٦٦- پرسیارێکت لێ ئەکەم ئەگەر بۆ تۆ تەبیعی بێ جوابم بەرەوە بە سەراحەت، ئەگەر تەبیعی بێت، تۆ پێش هەڵبژاردنی ٢٠١٨ دکتۆر کازمت ئەناسی؟

و/ ٢٦٧- مژدەو ئەناسی؟

و/ ٢٦٨- کاوە و سیپانیش ڕەنگە بەهۆی ئین ئاڕتییەوە شتێک دەربکەون بەس ٢٦٩- ڕەنگە تەسەورت نەکردبێ لە پەرلەمان ئازابن و لەبادینان سیپان شەڕبکات و کاوە لەناو هەولێرا خۆپیشاندان بکا و بە دە کەس بچن بۆی هێرشی بکەنەسەر و ئەوانە، وایە؟ ٢٧٠- لاوازی و بەهێزیی کاندید چیە؟ ٢٧١- ئەوەیە کاندیدی سێبارە و چواربارە دانێی؟ یان ٢٧٢- ئەوەیە مەجموعەیە خەڵک بنێری سورپزانی ئەمانە پاکن دڵسۆزن ئازان خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە شەڕی میللەتەکەن، ئێمە ئەمەیمان کردوە، ئەمانەمان هەڵبژاردوە، ٢٧٣- دوای ئینتیخابات ئیشەڵڵا ئەزانن کاندیدەکانمان بە هێزن یان بەهێز نین.

و/ ٢٧٤- هەر باوڕکە چیاخان ئەزانی ئەمە قسەی من نییە، سەیرکە، ئەوە ئەم ڤیدیۆیەم ئەمێنێتەوە، ٢٧٥- یەعنی قنسوڵییەت و سەفارەت هەیە لەم وڵاتە لە عێراق و لە هەرێم لەوانە هەمو ڕۆژێ سیعری کەرەوز و تەماتە و نان و ئەو شتانە کۆئەکەنەوە یەعنی، هەروەکو داتای خۆیان چ جای ئەوەی کە نەزانن چ هێزێ باشە و چ هێزێ خراپە، ٢٧٦- بڕۆ لە هەچ کەسێ بپرسە لەسەر ئەو جادەیە بڵی نەوەی نوێ باشە یان خراپە؟ ٢٧٧- تەبعەن تۆ مقارەنەی ئەکەی بە هێز و لایەنەکانی تر، یەعنی ٢٧٨- ئەگەر کەسێ بچێ بۆ دەنگدان، ئەو بردەرانەمان ئەگەڕێن مبالەغەی نییە ئەگەر بڵێم لەسەدا هەشتای ئەوانەی ئەچن بۆ دەنگدان بەشی زۆریان لەسەدا هەشتایان یان لە نەوەی نوێ ڕازین یان دەنگی پێ ئەدەن، باشە؟ لەبەرئەوە ٢٧٩- بۆ ئێمە دەرچونی کاندیدێک تاکە کاندیدێك بۆ ئێمە لە بازنەیەک تەحسیل حاسڵە، زۆر زۆر ئاسانە، ئیتر ئەوەی کە ٢٨٠- ئیشەڵڵا خەڵک هەمو دڵنیاشم بە گوڕ و تینێکی باشەوە بڕۆن نەیەڵن دەسەڵات ئەوە نییە ساردیان کاتەوە و ئەوانە، چونکە ٢٨١- چونی خەڵک تەئسیری هەیە، بەس یەعنی، ٢٨٢- تۆ تەسەورکە ئەو هەمو جارێ ئەیڵێم ئەڵێم گریمان کە تەبعەن ئەمجارە ئیشەڵا واناپێ گریمان خوانەخواستە یەکێتی و پارتی تەزویریش ئەکا، چیاخان ٢٨٣- هەر لە بازنەکانا مەسەلەن ئەگەر چوار کاندید بێ یەکێتی و پارتی لە هەمو بازنەکان چواریان دانەناوە، هەر کاندیدێ دوان ماوەتەوە، ئێ بۆ کێ ئەبێ؟ یەعنی ٢٨٤- ئێمە پێمانوایە نەک لەدوای ئەوانەوەین، یەکەمین وە

دەشیبینیت ئیشەڵا، ئیتر ٢٨٥- من باسی مەنتیقت بۆ ئەکەم ٢٨٦- باسی خەڵکت بۆ ئەکەم و ٢٨٧- باسی ئەو زوڵمانە ئەکەم کە سێ ساڵە لە خەڵک کراوە، ٢٨٨- لەبەرئەوەی ئێمە زۆر زۆر موسەیتەرین، وە ٢٨٩- زۆر دڵیشمان خۆشە، وە ٢٩٠- پێشمانوایە ئیشەڵا جاریکتریش ئەمەم وتوە کە نەوەی نوێ موفاجەئەی زۆر گەورە دروست ئەکا.

و/ لەبەرئەوەی ٢٩١- نەوەی نوێ هەڵوێستی هەبوە، لە شەقام لە میدیا، لە پەرلەمان، ٢٩٢- درۆی لەگەڵ خەڵک نەکردوە، ٢٩٣- ڤیدیۆکانی ئێمە پێش دو هەزار، باسی مەوقیفی سیاسی ئەکەم، باس، ٢٩٤- باسی ئەوە ناکەم کە ڕۆژی یەک دونیا دیعایەمان بۆ ئەکەن ٢٩٥- زەلامێ نییە پێمان بڵێ، بڵێ شاسوار یا نەوەی نوێ یا پەرلەمانتارەکانی لە ماوی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوا فلان هەڵوێستی سیاسییان غەڵەتە، ٢٩٦- ئەڵی ئەوە کاتی خۆی ئەها لە کۆمپانیا نازانم چیکرد، ٢٩٧- تەبعەن هیچیشی ئەوە هەموجارێ باسیدەکەم ئەوە قانون پێش ئەوەی بێمە سیاسەت من سیاسی نەبوم قانون هەبو یەکێتی و پارتی دژمان بون ئێن ئارتیمان هەبوە بەخوێنی سەرمان هەندێکیان ئەگەر نەڵێم لەسەتا سەتی دەسەڵات، بەس ئەوانەی کە پایەدارن بەدەسەڵاتن لەناو یەکێتی و پارتیا بە خوێنی سەرمان تینوبون تەقەیان لێکردوم، ویستویانە بمکوژن شتێکی نا قانونینیمان هەبو خەمتان نەبێ کردبویان بەرامبەرمان، بەڵام ٢٩٨- پێم بڵێ نەوەی نوێ لە ساڵی ڕابردوا یەک هەڵوێستی سیاسیم پێ بڵی غەڵەتی کردبێ، ٢٩٩- خەڵکێک پێویستی بە نەوەی نوێ هەبوبێ هەڵوێستی نەبوبێ، یەعنی بۆ دەنگمان پێ نایەن؟ ٣٠٠- باشترە هێزێکی.. چیاخان یەعنی تۆ هێزێکی ئازا هەبوە، لەگەڵتابوە لەگەڵ خەڵکا بوە، مەوقیفی هەبوە، وە شەڕی لەگەڵ خەڵکا کردوە، ٣٠١- لەبەرامبەریشتا هێزێک هەیە دزی کردوە لە خەڵک، بێباک بوە لەبەرامبەر خەڵکا یەعنی ٣٠٢- تۆ دێی چییەکەی دێی سەیریان ئەکەی؟ ئەڵێی وەڵڵاهی ئەمانە هەمو وەکو یەکن؟ من بەس سەیریان ئەکەم؟ لەبەر ئەوە ٣٠٣- دەنگدان بە نەوەی نوێ بەڕای من واجبێکی ئەخلاقییە وە شتێکە کە تۆ یارمەتی خۆت ئەدەی خۆت زەختێ دروست ئەکەی بەرامبەر دەسەڵات، سەیریکە چیاخان، ٣٠٤- ئێستا نەوەی نوێ قوتکەرەوە بەهێزی کەرەوە بەرامبەر بە دەسەڵات ئێمە کاریگەرتر نابین؟ ٣٠٥- لە بری پردێکی سماقوڵی چاکبکەین، دە پردی وا چاک ناکەین؟ ٣٠٦- لە بری پرۆژەیەکی خزمەت گوزاری سەد ئەکەین، ٣٠٧- لە بری هەزار تەنکەر ئاو ئەوکاتە زەخت ئەکەین سەد تەنکەر ئاو بەزۆر بە حکومەت دابین ئەکەین، ٣٠٨- لەبری ئەوەی موچە ببڕن، موچەیان پێ چاک ئەکەین، ٣٠٩- کە تۆ هێزێکی ئازا و بەرامبەر بە دەسەڵات قوتکردەوە زیندوکردەوە، ٣١٠- ئێ بەس تۆ وەرە ئەو هێزە زیندو مەکەرەوە باشە، ٣١١- ئەی چی ئەکەی دەسەڵات بە قوەت ئەکەی؟ بەس دەسەڵات؟ ٣١٢- ئەی تۆ سبەینێ چۆن ئەتوانی، چۆن تۆ سبەینێ بەتەمای ئەم دەسەڵاتە لە تۆ بترسێ خزمەتت بکات؟

٢- گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان (مەحمود محەمەد- گوتەبێژ) (پ= پرسیار، و= وەڵام)

https://www.facebook.com/watch/live/?ref=watch_permalink&v=595886618247998

و/ ٨٢- دەبێ ئێمە تەجروبە لە هەندێک ڕوداو وەربگرین، ٨٣- ئایا دروستکردنی کێشە، وە کێشە بەکێشە چارەسەرکردن چ سودێکی بۆ عێراق هەبوە؟ ٨٤- لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەی کە پێی دەڵێن عێراق تاکو ئێستا کەی توانیویانە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن؟ ٨٥- تواندرا هەندێک لە کێشەکان چارەسەر بکەن؟ ٨٦- ئارامیەک بۆ عێراق گەڕاوەتەوە؟ ٨٧- نمونەی ساڵی ١٩٧٠ دێنینەوە، ٨٨- کاتێک کە ئیتفاقیەی ئازار لەبەینی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر لەگەڵ حکومەتی ئەوسای عێراق کرا، وە ٨٩- چەند ساڵ هێمنی باڵی بەسەر هەمو عێراقدا کێشا، وە ٩٠- عێراق گەشە بونێکی چاکی ئابوری وە هونەری وە ئیجتیماعی بەخۆیەوە بینی وە ٩١- لە زۆر ڕووەوە بەرەو پێشکەوتن چو،

٩٢- بەڵام تۆ وەرە حاڵەتەکانی دیکە بێنە بەرچاو ٩٣- ئەوکاتانەی کە عێراق کێشەکانی خۆی چارەسەر نەدەکرد وە ٩٤- هەوڵی دەدا کێشە بخولقێنێ بۆ ئەوەی کێشەیەکی پێ بشاردرێتەوە، ٩٥- چەند دەستکەوتی لەدەستداوە؟ ٩٦- چەند بناغەی ئابوری ئەم وڵاتەی هەڵتەکاندوە؟ وە ٩٧- چەند پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگای عێراقی تێکداوە؟ ٩٨- کەواتە دەبێ تەجروبە لەوانە وەرگرین، بۆیە ٩٩- ئەگەر بێتو حکومەتی عێراق بیەوێت لەپاش ئەم هەڵبژاردنە بەشێوازێکی نوێ، وە بۆ ئەوەی کە هەمومان ئومێدمان وابو لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە عێراقێکی نوێ بونیاد دەنێینەوە کە ١٠٠- لەسەر ئەساسی چارەسەری کێشەکان بڕواتە پێشەوە ١٠١- نەک لەسەر ئەساسی ئەوەی کە تەرحیلی کێشەکان بکات وەکو ئەوەی کە لە پێشوش هەندێکجار کراوە ١٠٢- ئەو کێشانە، تۆ تەماشا بکە کێشەی هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ ئێران لە نەتیجەی چییەوە هات؟ ١٠٣- لە نەتیجەی ئەوەی کە حازربو ئاو وە خاکی عێراق بدا بە ئێران نیوەی شەت عەرەب، سەیف سەعد، زەین ئەلقەوس، بدا بە ئێران، ١٠٤- بەڵام حازر نەبو لەگەڵ شۆڕشی کوردستان ڕێکبکەوێ ١٠٥- لەوەی کە کەرکوک بەشێکە لە کوردستان، کە ١٠٦- ئەگەر کەرکوک بەشێکیش بێت لە کوردستان، کەرکوک و کوردستان هەردوکی بەشێک بون لە عێراق، ١٠٧- بەڵام حازربو ئەو هەمو ئاو و خاکە بدا بە ئێران، کەواتە ١٠٨- دەبێ عەقڵیەتی ئەوە هەبێ کە ئێمە لە پێناوی چارەسەری کێشەکاندا دەتوانین تەفاهوم بکەین، وە ١٠٩- پێکەوە گفتوگۆ بکەین، بە حیوار بە گفتوگۆ ١١٠- بەڵام بە نیەتی ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکەین ١١١- نەک بە نیەتی ئەوەی کە درێژە بدەین بە گفتوگۆ لە پێناوی گفتوگۆ وە ١١٢- بۆ ئەوەی کە وەخت وەربگرین وە نەهێڵین کێشەکە چارەسەر بێ، بۆیە ١١٣- تەسەور دەکەین عێراق دەبێ پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ، ١١٤- ئەم قۆناغی نوێ ئەوەیە کە تێبگات ئەوانەی کە دەسەڵاتدار دەبن لە عێراق، عێراق بە یەک لایەنی ئاینی بە یەک لایەنی نەتەوەیی بە یەک لایەنی مەزهەبی بەڕێوە ناچێت وە ١١٥- ئەوە ئیسپات بو، کەواتە ١١٦- دەبێ شەراکەتێکی ڕاستەقینەی هەمو پێکهاتەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی کە پێی دەڵێن کۆمەڵگای عێراقی هەبێت ١١٧- بۆئەوەی هەمو پێکەوە هەست بە مەسئولیەت بکەن ١١٨- تاوەکو بتوانن عێراقێکی پێشکەوتو، وە بۆ خەڵکەکەی خۆشگوزەران دروست بکەن کە ١١٩- چیتر نەگلێتە ناو ئەو هەمو کێشانەی کە لەگەڵ چ لەگەڵ دەوروبەر چ لەگەڵ ناوخۆی خۆی دروستی کردبو.

و/ ١٢٠- بەڵێ، لە ڕاستیدا مەسەلەی کەرکوک مەسەلەیەکە تازە نییە، ١٢١- ئەم مەسەلەیە لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقی هەبوە، وە ١٢٢-زۆرجار چارەسەری بۆ دانراوە، بەڵام ١٢٣- حکومەتی یان دەسەڵاتی عێراقی پاشگەزبۆتەوە لەو دەسەڵاتانەی، ١٢٤- هەندێجار داوای ئەوەیان کردوە، کە نیوەی عایدی کوردستان بێ، ١٢٥- هەندێجار داوایانکردوە پێکەوە بە موشارەکە بەڕێوە بچێت، ١٢٦- هەندێجار وتویانە ئەسڵەن نابێ، ١٢٧- هەندێجار وتویانە باشە، ١٢٨- یەعنی زۆر کێشەی لەسەر هەبوە ١٢٩- زۆر ئیتفاقات هەبوە ١٣٠- زۆر وعود هەبوە، وە ١٣١- زۆر ڕێکەوتن هەبوە، بەڵام ١٣٢- جێبەجێ نەکراوە، ١٣٣- مەسەلەی کەرکوک ئەمەی ئێستا، ئەمە مەسەلەیەکی هەڵبژاردنە، وە ١٣٤- ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمنی وە لایەنی کۆمسیۆن قسەمان کردوە کە دەبێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن هەمو کاندیدەکانی هەمو لایەنەکان ئازادبن ١٣٥- لە هەر شوێنێکی کە لەوێ کاندید کراون لەوێ بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیان بکەن، وە ١٣٦- ئازادبن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە جەماوەرەکە بکەن وە ١٣٧- لەگەڵ جەماوەری خۆیان تێکەڵاوبن، ١٣٨- بۆ ئەوەی کە بتوانن بە ئازادانە دەنگ و ڕەنگی خۆیان بگەیەننە وە ئەو پرۆگرامەی کە هەیانە بە خەڵکی ڕا بگەیەنن، ١٣٩- ئەمە هەر بۆ ئێمە نا وەک پارتی، بۆ هەمو لایەنەکان، لەو ڕوانگەوە ئێمە کاندیدەکانمان وە ١٤٠- کۆمەڵێک کادیرمان لەناو کەرکوک چالاکی دەکەن، وە ١٤١- تەسەور دەکەین کە ئەمە مافێکی سروشتییە لەوێ چالاکی دەکەن ١٤٢- لە موسڵ چالاکی دەکەن ١٤٣- لە مەخمور دەیکەن ١٤٤- لە شەنگال دەیکەن ١٤٥- لە خانەقین

دەیکەن وە ١٤٦- حەتا لە بەغدا وە ١٤٧- ئەمە مافی هەر تاکێکە کە دەبێت لە بانگەشەی هەڵبژاردن ئازاد ببێت ١٤٨- بۆیە ئێمە چۆنیەتی ڕووبەڕوبونەوەمان لەگەڵ ئەو وەزعەی کە لە کەرکوک هەیە پەیوەستە بەو کۆمیتانەی کە دروستکراوە لە بەینی ئێمە ولە بەینی ئەوان ١٤٩- لە بەینی ئەو لیژنانەی ئێمە و لیژنانەکانی حکومەتی عێراقی بۆ چۆنیەتی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا وە چۆنیەتی پاراستنیان، ١٥٠- ئێمە دەبینین لە نەتیجەی ئەو فەراغەی کە هەیە لە بەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان با بڵێن سوپای عێراق و لە بەینی پێشمەرگە کۆمەڵێک ڕوداوی زۆر ناخۆش ڕودەدەن بۆ خەڵکەکە، وە ١٥١- دەبینن داعش چۆن توانیویەتی نفوس بکات وە ١٥٢- کێشە بۆ خەڵکەکە دروست بکات، ١٥٣- لە نەتیجەدا ئێمەش زەرەر دەکەین وە ١٥٤- ئەو خەڵکەی کە ئەگەر عەرەبیش لەوێ هەبێ ئەوانیش هەر زەرەر دەکەن، بۆیە ١٥٥- تەسەور دەکەین کە پێویستە پێداچونەوەیەک بکرێ، وە ١٥٦- هەرلەو ڕوانگەیەشەوە بوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ڕێککەوتنێکی باشیان کرد لەسەر مەسەلەی شەنگال بەڵام ١٥٧- بەداخەوە کۆمەڵێک ڕێگری هەبون جێبەجێ نەکرا، ١٥٨- ئەگەر هاتبایە ئەو ڕێکەوتنە جێبەجێکرابایە دەبوە ئاسۆیەک بۆ ئەوەی کە لە شوێنەکانی دیکەش ئەو تەجروبەیە تاقی بکرێتەوە وە ١٥٩- لە وێش جێبەجێبکرێ بۆ ئەوەی کە ئەو کێشانەی لەبەینماندا هەیە چارەسەر بکرێ، ١٦٠- ئێمە لە عێراقدا مادام پێکەوە دەژیین وە بە تایبەتی برایانی عەرەب ئیسراری ئەوە دەکەن کە ئێمە پێکەوە بژیین دەبێ ڕێگای چۆنیەتی پێکەوە ژیان بدۆزینەوە ١٦١- پێکەوە بژیین نەک ڕێگای ئەوەی چۆن خۆ بەسەر یەکدا بسەپێنین، ١٦٢- ئەمە غەڵەتە ١٦٣- تا ئێستا ئەمە بوە بۆیە کێشە بەردەوام هەبوە وە ١٦٤- دەبێت پێکەوە، مادام پێکەوە دەژێن و دەبێت ڕێگای چۆنیتی پێکەوە ژیان و ئیحترام هەبێت لەبەیندا وە هەروەها ١٦٥- بەرژەوەندییەکانی یەکیش بپارێزین.

و/ ١٦٦- کۆمەڵێک بابەت هەیە، ١٦٧- کۆمەڵێک ئاستەنگ هەیە، ١٦٨- کەرکوک وەک وتم شتێکی تازە نییە کە ئەو کێشەی لەسەرە، ئەو کێشەیە دەمێکە، وە ١٦٩- ئەو تموحەی کە لایەنی دەسەڵاتی عێراقی لە دێر زەمانەوە هەیانبوە سەبارەت بە کەرکوک جیاوازە لەو تەماحەی ئێمەی کوردستانییەکان هەمانە، ١٧٠- ئەوان تەماحیان لە نەوتی کەرکوکە، ١٧١- ئێمە تەماحمان لە خاکەکەی خۆمانە کە نیشتمانی خۆمانە، ١٧٢- دو شتی لێک جیاوازین، ١٧٣- ئێمە کە باس لە کەرکوک دەکەین، مەسەلەی نەوت نییە، مەسەلەی غاز نییە، مەسەلەی داهاتەکانی ئەوێ نییە، مەسەلەی نیشتمانە، وە ١٧٤- مادام نیشتمانە، تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ تێڕوانینی ئەوان جیاوازە، ١٧٥- هەروەک دەبینین ئەوان کۆمەڵێک سیاسەتیان تاقیکردەوە هەموی فاشیل بو، ١٧٦- لە سیاسەتی تەعریبە کە کردیان، لە سیاسەتی تەرحیلە کە کردیان، وە لە هەتا ئەنفال کە لەو مەنتیقانەی گەرمیان و دەوروبەری کەرکوک و ئەوانە کرا،١٧٧- هەموی لەو ڕوانگەیەوە کرا کە چۆن بتوانن تەعریبی کەرکوک بکەن، ١٧٨- بەڵام سەری نەگرت، وە سەریش ناگرێت، ١٧٩- چونکە ئەمە کورد لەوەدا خۆی یەکلا کردۆتەوە، بەتایبەتی (پ. د. ک) و ئەوانەی پەیڕەوی ڕێبازی بارزانین، کەرکوک کوردستانیە، ١٨٠- کەرکوک بە پێکهاتەکانیەوە جوانە، ١٨١- بە جیاوازییەکانییەوە جوانە کەپێکەوە ژیان هەبێ لەوێ، ١٨٢- بەڵام وەکو نیشتمان ئەمە بەشێکە لە نیشتمانی کوردستان.

وەڵام/ ١٨٣- لە ڕاستیدا هەر لایەنێک، وە هەر کەسێک کە بانگەشەکانی بەو ئاراستەیەبێت وە وا بانگەشە بکات، نیشانەی ئەوەیە شتێکی تازەی پێ نییە کە پێشکەشی خەڵکی کوردستانی بکات، ١٨٤- بەرنامەیەکی نییە کە بتوانێ بەو بەرنامەیە قەناعەت بە خەڵک بکات ١٨٥- بۆیە دێت دەستدەکات بە هێرشکردن سین من ناس بیکات یان ئەلف من ناس بیکات هیچ فەرقی نییە کە ١٨٦- ئەو قاعیدەی خۆی لەسەر ئەساسی ئەوە ڕابێنێت کە ١٨٧- دەیەوێت بە دژایەتی

پارتی وە خۆی قەبە بکات وە دەنگ بێنێت شتێکی خراپ بوە ١٨٨- لەوانەیە تا ئێستاش هەندێک لایەن کردبێتیان وە خەڵکێکیان پێ چەواشە کردبێت وە پێیان هەڵخەڵەتاندبێت ١٨٩- بەڵام ئەوە مەودایەکەی کورتە ئەوە بەسەر دەچێت، ١٩٠- من تەسەور دەکەم هەر کەسێک وە هەر لایەنێک کە بەو شێوازە بانگەشەی دەستپێکردبێت یان لەمەودوا بیکات نیشانەی ئەوەیە نە وەکو شەخس توانای ئەوەی هەیە کە ئەم وەزعەی کە هەیە بۆ خەڵک شیبکاتەوە ١٩٢- وە هەروەها چی دەوێت لە ئایندەدا کە بۆئەوەی کە لە پەرلەمانی عێراقیدا پێشکەشی خەڵکی کوردستانی بکا و وە ١٩٣- بەرنامجێکی یان ئەجێندایەکی دیاریکراوی پێبێت خۆی وەکو شەخس ئەوەی پێ نییە یان ١٩٤- حزبەکەی بەڕاستی هیچی تازەی پێ نییە جگە لە تیکرارکردنەوەی ئەو خەڵکانەی کە فەشەلیان هێنا ١٩٥- لە نەتیجەی ئەو سیاسەتەدا، وە ١٩٦- دەبو ئەمە بۆ ئەوان تەجروبە بێت، وە ١٩٧- ئەمە شتێکی غەڵەتە، ١٩٨- ئێمە ئومێد دەکەین ئەمە کیفایەت بێت، ١٩٩- ڕاستە ئێمە بە هێمنی دەستمان پێکردوە وە ٢٠٠- تەوسیەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی ئەوەیە کە ئێمە بانگەشەیەکی هێمنانە بکەین وە ٢٠١- بە گرژی و بە زبری دەستپینەکەین وە ٢٠٢- هەوڵبدەین ئەوەی هەمانە بە خەڵکی ڕابگەیەنین بۆ ئەوەی خەڵک نیگەران نەکەین، ٢٠٣- بەڵام ئەم هەڵمەتەی کە هەندێک لایەن یان هەندێک کەس دەیکەن بە هەقیقەت لەوانەیە حدودی هەبێت ٢٠٤- لەو حدودە بچێتە دەر ئیحتیماله کۆنترۆڵ نەکرێت ٢٠٥- لەوەی کە جوابدانەوەیەک هەبێت وە ٢٠٦- ئەو جوابداناوانە لە خزمەتی ئەواندا نابێت بە تائکید لە خزمەتیاندا نابێت.

وەڵام/ ٢٠٧- من دێمەوە سەر ئەو بابەتەی ئەو لایەن یان ئەو کەسانەی کە بە دژایەتی پارتی دەنگ بەدەستبێنن شکستیان هێناوە، وە ٢٠٨- سەرکەوتونەبون، ٢٠٩- نەتیجەکەش ئەوەیە وەکو باستکرد، لەدوای هەڵبژاردن دەرکەوتوە کە لەگەڵ هەمو ئەو وشە ناشیرنانەی کە بەکاریان هێناوە، لەگەڵ ئەو هەمو هێرشە ئیعلامییە کە بەسەر پارتی کردویانە، بەڵام خەڵکی کوردستان هەقیقەتێک تێگەیشتوە، ٢١٠- بۆیەش زۆریەنەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بوە و ٢١١- لەوانەیە بە سێ چوار حزبیش هەندی پارتیان دەنگ نەهێنابێت، یان کورسیان نەهێنابێت، ٢١٢- کەواتە ئەو ڕەوتە ڕەوتێکی غەڵەتە، وە ٢١٣- ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی نەخوازراوە، ٢١٤- مەرج نییە ئەوانە بتوانن لەوەدا سەرکەوتوبن ٢١٥- بۆیە حەق نییە تاقی بکەنەوە، ٢١٦- لە مەسەلەی ئەوەی کە لەدوای هەڵبژاردن پارتی لێبوردەبوە لەو مەوزوعانە، لە پێناوی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی بوە، ٢١٧- لە پێناو بەرژەوەندی هەبونی یەکڕیزی ناوماڵی کورستانی و تەبایی بوە، ٢١٨- بۆئەوەی پێکەوە ئەم وڵاتە بپارێزین، ٢١٩- ئەم قەوارەیە بپارێزین، ٢٢٠- ئەم دەستکەوتانە بپارێزین، وە ٢٢١- هەوڵبدەین هەمومان شان بدەینە بەر ئەوەی کە ئەو مافانەی تائێستا بەدیمان نەهێناون بەدییان بهێنین، ٢٢٢- لە جیاتی ئەوەی کە ئەو دژایەتییە هەبێت با پێکەوە گونجانێک هەبێت، ٢٢٣- هەماهەنگییەک هەبێت ٢٢٤- بۆ ئەوەی کە ئەو شتانەی تر بەدەستبێنین، ٢٢٥- ئێمە شتێک هەیە لە کوردستاندا لەهەندێک لایەندا بەدیدەکەین کە ڕاستی غەڵەتە ئەویش ئەوەیە منافەسە و دوژمنایەتی تێکەڵاو کراوە، ٢٢٦- ئێمە لەگەڵ ئەحزابی دیکەی کوردستانی منافسی یەکین، ٢٢٧- ئەم منافەسەیە بە مەعنای ئەوەیە کە من چیم هەیە لەڕوی ئیقتیسادی لە ڕوی ئیجتیماعی لە ڕوی سیاسی ئینجا بە هەمو فروعەکانییەوە؟ ٢٢٨- چیم هەیە بۆ خەڵکی کوردستان؟ ٢٢٩- وە ئەوان چییان هەیە؟ ٢٣٠- با بێن منافەسە لەسەر ئەوە بکەین، ٢٣١- کاممان زیاتر بەرژەوەندییەکان دابین دەکەین؟ ٢٣٢- کاممان زیاتر لەڕوی ئیجتیماعیەوە دەمانەوێ ئەم کۆمەڵگەیە بەرەو پێشەوە بەرین ٢٣٣- گۆڕانکاری باشی تێدابکەین؟ ٢٣٤- کاممان دەمانەوێ لە ڕوی ئابورییەوە، ئابورییەکی گونجاوی سەردەمیانە بۆ ئەم خەڵکە و شایستە داراییەکانی بۆ دابین بکەین؟ ٢٣٥- ئەوە باسکەین، بەڵام ٢٣٦- ئەوەی کە بەداخەوە لە کوردستاندا مونافەسە هێشتا وا تەسەور دەکرێ کە کەسێک

که مونافیست بو دوژمنته، وه ٢٣٦- هەندیجار ئەوە بە شوێنی زۆر ناخۆش دەگات کە لە ڕابردودا بینیومانە ٢٣٧- بۆیە ئومێد دەکەین بەلای کەمەوە سەرکردایەتی ئەو حزبانەی بانگەشە لەسەر حیسابی شکاندنی حزب و لایەنەکانی دیکە دەکەن واز لەوەبێنن،٢٣٨- چونکە بزانن ئێمە مونافسین، ٢٣٩- مونافیس لەسەر ئەساسی شکاندن و تۆمەت هەڵبەستن و چەواشەکاری دروست نابێت، ٢٤٠- بانگەشە لەسەر ئەساسی ئەوە دروست دەبێت، کە ئەوەی هەتە بە خەڵکی بڵێی، وه ٢٤١- خەڵک لەسەر ئەساسی ناوەرۆکی ئەوەی کە هەتە دەنگت پێ بدات، ٢٤٢- نە لەسەر ئەساسی ئەوەی کاڵای خەڵکی دی، ٢٤٣- تۆ کاڵایەکت هەیە چی دیعایەی بۆ دەکەی بۆی بکە، ٢٤٤- بەڵام بۆت نییە، مەعقول نییە، ئەمە مونافەسە نییە تۆ بچیت کاڵای خەڵکی دیکە بشکێنیت، ٢٤٥- لە هیچ شوێنێکی دونیا بڕیار لەسەر ئەوە نادەن کە بەو شێوازە بانگەشە بکرێت، ٢٤٦- هەتا لە ڕوی ئیقتیسادییەوە، ٢٤٧- بۆیە تەسەور دەکەین، ئێمە کە ئەگەر لەدوای ئینتیخاباتیش لە هێندێک لە مافەکانی خۆشمان خۆش بوین، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانە، وه ٢٤٨- ئەوەشمان بۆ خەڵک، بۆ لایەنەکانی کە لەسەر ئەساسی بانگەشەیەکی زیر دەستیان پێکردوە سەلماندوە کە ٢٤٩- بانگەشەکەتان غەڵەت بوە، ٢٥٠- تەراجوعی تێدابکەن ٢٥١- بۆئەوەی کەشوهەوایەکی ئارام لەم وڵاتەدا دەستپێبکا، ٢٥٢- چونکە بەداخەوە بێجگە لەوەی لە کاتی هەڵبژاردن، جاری وایە حزبێک لە هەڵبژاردن هێشتا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارە تەواو نەبوە، ٢٥٣- هێشتا نەتائیجی ئینتیخابات ڕانەگەیەنراوە ئەو هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێدەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە، وه ٢٥٤- لەو وەختەیەوە ئەوە دەستپیدەکات کە.. تۆ موعارەزەی ٢٥٥- بەڵام مەسئولییەتت هەیە لەم وڵاتە، ٢٥٦- تۆ بەشداری لە دەسەڵات مەسئولیەتت هەیە لەمە، ٢٥٧- مەسئولییەتی موعارەزە و مەسئولیەتی دەسەڵات پێکەوە لە هەندێک شتدا موشتەرەکە، ٢٥٨- لە مەسەلەکانی نەتەوەیی نیشتمانی وه بەرژەوەندییەکانی باڵای ئەم خەڵکە هەردولامان مەسئولین، ٢٥٩- هەر لایەنی دەسەڵات نییە، یان هەر لایەنی بەرهەڵستکار نییە، ٢٦٠- بۆیە دەبێت ئەوە لێک بکەینەوە، ٢٦١- ئێمە ئەگەر مونافەسەی یەکتر دەکەین مونافەسە لەسەر بەرنامەکی دەکەین، ٢٦٧- لەسەر ئەو ئایدیا دەکەین، ٢٦٨- لەسەر ئەو ئایدۆلۆژیایە دەکەین ئەگەر ئەو حزبانەی ئایدۆلۆژییان هەیە، ٢٦٨- لەسەر مەسائیلی ئیقتیسادی دەکەین ٢٦٩- لەسەر مەسەلەی ئیقتیسادی ٢٧٠- مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە چی لە ڕوی ئیقتیسادییەوە دەمانەوێ لەم وڵاتە بگۆڕین؟ ٢٧١- بەرەو باشتری بەرین ٢٧٢- ئەوان چییاندەوێ؟ ٢٧٣- لە بەرنامەی ئیقتیسادییاندا هەیە بۆ ئەوەی بیگۆڕن ٢٧٤- بۆئەوەی کە ژیانی خەڵک خۆشتر بێ؟

٢٧٥- کەواتە ئێمە دەبێ مونافیسی یەک بین، ٢٧٦- تا هەشبین مونافیسی یەکین، وه ٢٧٧- زۆریش تەبیعییە، ٢٧٨- بەڵام لەم وڵاتەدا هەمومان شەریکین.

و/ ٢٧٩- بەڵێ، جاریێ با ئەوە بڵێم، ٢٨٠- مەسەلەی ئەو، دێینە سەر سزای کە عێراق بەسەر کوردستانیدا سەپاند، لە کاتێکدابو کە ٢٨١- هێشتا کوردستان دەستی بە نەوت فرۆشتن نەکردبو، وه ٢٨٢- کوردستان دەبو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە لە نەتیجەی ئەوەی کە بودجەکەی بڕدراوە، ٢٨٣- چۆن ئەم خەڵکە بژیا؟، ٢٨٤- چۆن ئیدارەی ئەم وڵاتە بکا؟، ٢٨٥- چونکە نایشارینەوە، بەشێک لە دەسەڵاتدارانی بەغدا، بە هاوکاری و هاوفکری هەندێک خەڵکی دیکە، لە هەوڵی ئەوەدابون، کە هەرێمی کوردستان بەچۆکدابدەن، وه نەیهێڵن، وه بیتوێننەوە، ٢٨٦- یان ئەو دەستکەوتانەی کە هەیە لە پێناوی شایستە داراییەکاندا لەناوی بەرن، ٢٨٧- ئەمە ئەوەبو، ٢٨٨- ئەویدیکە من دەبێت ڕاستییەک بڵێم، وه ٢٨٩- من بۆخۆم لەو کۆبونەوەیە بەشداربوم، ٢٩٠- کاتێک کە بڕیاردرا بەوەی کە نەوت بفرۆشرێ ٢٩١- تەواوی سەرکردەی حزبەکان لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوینەوە وه حکومەت، سەرۆکی حکومەتی ئەوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لە وەزیرەکان،

دانیشتبون ئەم بابەتەیان لەگەڵ حزبەکان باسکرد، ٢٩٢- پاش موناقەشەیەکی چەند سەعاتی گەیشتنە ئەوەی کە بەڵێ باشترە ئێمە نەوتەکەمان بفرۆشین، ٢٩٣- بەڵام مەجبور نەبین چۆک بۆ حکومەتی عێراقی دابدەین، ٢٩٤- موافەقەی حزبەکانی لەسەر بو، بەلایەنی ئیسلامی، بە لایەنی عیلمانی، بەلایەنی ئەوانەی لە دەسەڵاتبون، بەلایەنی حەتا ئەوانەی لە ئۆپۆزسیۆنیش بون، ٢٩٥- پێکەوە هەمو دانیشتبوین، وە موناقەشەی ئەو بابەتەمان کرد، ٢٩٦- بە بڕیار و بە پەسەندکردنی هەمو لایەنەکان، ئەم هەنگاوە نراوە، ٢٩٧- ئێستا ئەگەر خەڵکێک خۆی لێ دەکێشێتەوە و تەسەور دەکا لەکاتی ئینتیخابات و یان پێشی ئینتیخاباتدا ٢٩٨- وا تەسەورکات کە ئەم ئۆباڵە بخاتە ئەستۆی ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٩٩- نە لە مەسئولیەتی ڕامانکردوە، وە نە ڕاشدەکەین، ٣٠٠- ئەمە حەقیقەتێکە بەڵام ئەوەش دەڵێین، ئەگەر هاتبایە و ئەم سەرمایە نەبوایە ئەم وڵاتە ئێستا لە وەزعێکی دیکەی زۆر خراپدا دەبو، کە ٣٠١- کەسمان تەمەنای ئەوە ناکەین کە ئەو حاڵەتە توشبوایە، ٣٠٢- چونکە ئەوەی بەرنامەی بۆ داندرابو چ لە ناوخۆی عێراق، چ ئەوەی بە هاندانی هەندێک لایەنی دیکەش، حەتا لەوانەیە هاندانی هەندێک شەخسیات یان هەندێک کەسی کوردیشی تێدا هەبوبێ لەو بابەتەدا، ٣٠٣- دەبوایە وەزعی چۆنیەتی ئەو مادانەی دەستوری کە تاوەکو ئێستاش جێبەجێشبون تەراجوعی تێداکرابایە، وە ٣٠٤- ئەوە کارەسات بو بۆ خەڵکی کوردستان، ٣٠٥- ئەم هەمو خوێن. ٣٠٦- ئەم هەمو خەباتە، ٣٠٧- ئەم هەمو ئەنفال، کیمیاباران، تەرحیل، تەبعیس، وە گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێناوی کۆمەڵێک مافی نەتەوەیی و نیشتمانی دراون٣٠٨- هەموی بە هەدەر دەچو ٣٠٩- بە خۆڕایی دەچو، ٣١٠- بۆیە ئەم هەنگاوە هەنگاوێک بوە، کە بڕیاری لایەنەکانی لەسەر بوە، وە ٣١١- لە نەتیجەی ناچاری لەوەی کە حکومەتی عێراق بڕیاری دابو شایستە داراییەکان ببڕێت، ٣١٢- چونکە حکومەتی عێراقی دیارە کەی بڕیاریدا کە شایستە داراییەکان و میزانیە ببڕێت؟ ٣١٣- وە کەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردوە بە نەوت فرۆشتن؟

---

[i] * لە هەندێک سەرچاوەدا، لەبەرامبەر Fallacyدا زاراوەی (هەڵە) بەکارهاتوە، ئەم توێژینەوەیە، (بەهەڵەدابردن) بە گونجاو دەزانێت.